# کاریگەریی دۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی لەسەر شێخ مارفی نۆدێ لەڕوانگەی شیکاریکردنی نامەکەی بۆ سوڵتان سەلیم

پ.ی.د. فاضل محمود قادر
د. ئاراس حمه أمين عثمان

**پێشەکی:**
شێخ مارفی نۆدێ یەکێکە لەگەورەترین کەسایەتییە ئایینیەکانی گەلی کورد، هاوکات بەیەکێکیش لەزاناو فەیلەسوف و ئەدیبە ناودارەکانی ئیسلام دادەنرێت لەسەدەی هەژدەو نۆزدەی زایینی، کەسێکی پارێزکارو لەخواترس ونمونەی لەخۆبردوویی و بەخشندەیی بووە، تەواو دووربووە لەهەر رەوشتێکی وەك لوت بەرزی و خۆبەزلزانی.
شێخ مارف ساڵی ١٧٥٣ی زانیین، لەگوندێکی سەر بەپایتەختی میرنشینی بابانەکان لەدایکبووەو هەر لەحوجرەکانی ئەو ناوچەیەشەوە دەستی بە وەرگرتنی زانست کردووەو پەرەی بەتوانا زانستیەکانی داوە.
لەماوەی تەمەنیدا کە (٨٨) ساڵی خایاندووە فەرمانڕەوایی (١٣) میر لەمیرنشینانی بابانی بینیوە، هەرچەندە میرەکانی بابان بەگشتی بەکەسانی خواناس و خزمەتکاری ئایین و زانست و دۆستی زاناو پیاوانی ئایینی ناسراون، لەڕووی کۆمەڵایەتی و کرانەوەی شارستانیشەوە خزمەتی بەرچاویان پێشکەش بە نەتەوەکەیان کردووە، بەڵام لەڕووی سیاسیەوە کێشەو گرفتی زۆر روبەڕوویان بووەتەوەو فەرمانڕەوایەتییان بە دۆخێکی پڕ لەئاڵۆزی سیاسی و نائارامی و جەنگی خوێناوی کێشەی ناوخۆییدا تێپەڕیوە.
سەرەڕای ئەوەی شێخ مارف نەیهێشتووە ئەو دۆخە سیاسیە ئاڵۆزو نائارامە لەڕووی خزمەتی ئایینی وزانستییەوە کاریگەری خراپی راستەوخۆی لەسەری هەبێت و هەرگیز ساردی نەکردووەتەوە لەخوێندن و نوسین و دانان، بەڵام ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەری هەبووە، بەتایبەت لەڕووی عاتیفی و دەروونییەوە؛ هەر ئەوەش وایکردووە کە چەند جارێك بیر لەکۆچکردن و بەجێهێشتنی زێدی باب و باپیرانی بکاتەوە وەك چەندین زانای گەورەی کورد کە بەهەمان هۆکار خاك و نیشتمانی خۆیان رووەو بەغداو شام و حیجازو ئیستەنبوڵ جێهشتووە.
یەکێك لە شاکارە شیعریە جێماوەکانی دوای خۆی ئەو نامەیەیە کە شێخ مارف لە ساڵی (١٧٩٠ز) بۆ سوڵتان سەلیم جێنشینی عوسمانی ئەو سەردەمە نووسیویەتی، کەتیایدا ئاماژە بە ناجێگیری دۆخی سیاسی و بێ ئومێدیی دەدات لەدەست زوڵم و زۆرو شەڕو ئاڵۆزی و بەڕوونی داوای ناردنی بۆ مەککە یان قودس یان شام لە سوڵتان دەکات.
لەچەند لایەکەوە ئەم نامەیەی شێخ مارف گرنگی و بایەخی هەیەو جێی ئەوەیە شیکردنەوەی زانستی و لێکدانەوەی قوڵی بۆ بکرێت؛ چونکە لەلایەك ئاماژەی گرنگی تێدایە بۆ دۆخی سیاسیی و کۆمەڵایەتی و زانستی ئەو سەردەمەو هەڵوێست و تێڕوانینی شێخی بۆ ئەو قۆناغە تێدا بەرجەستە بووە، لەلایەکی دیکەوە جێگیری و مانەوەی تا کۆچی دوایی و ناشتنی هەر لە زێدی خۆی سەرباری ئەو نامەیە جێی باس و تێڕامان و لێکدانەوەی جددیە.

**پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**
لەم توێژینەوەیەدا کاردەکەین بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:
1 - شێخ مارف کێیەو کەسایەتی و بەرهەمە زانستیەکانی چین؟
2 - دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و حوکمڕانی لەسەردەمی شێخ مارف لەکوردستان و ناوچەکە چۆن بوو؟
3 - ئەو هۆکارانە چیبوون کە پاڵنەربوون بۆ نووسینی نامەیەکی لەو جۆرە لەلایەن شێخ مارفەوە بۆ سوڵتانی عوسمانی؟
4 - ناوەرۆك و مەبەست و داواکاریەکانی ناو نامەکە چی بوون؟
5 - بۆچی شێخ بەشێوەیەکی توند رەخنە لەدۆخی سیاسی و حوکمڕانی ناوچەکەی دەگرێت؟
6 - ئایا شێخ مارف مەبەستی لەو نامەیە ئەوەبوو خۆی دەرباز بکات و نیشتمانەکەی جێ بهێڵێت؟
ئەمانەو چەندین پرسیاری دیکە مەبەستمانە لەدووتوێی ئەم توێژینەوەیەدا وەڵامی راست و دروست لەسەریان بخەینەڕوو.

**پلانی توێژینەوەکە:**
بەمەبەستی تیشك خستنەسەر بابەتە پەیوەستەکان بەم نامەیەو ئاشکراکردنی مەبەست و مەغزاکانی و هۆکارو پاڵنەرەکانی پشت نووسینی، توێژینەوەکە بەم شێوەیە دابەش دەکەین بەسەر ئەم تەوەرو باسانەدا:
**تەوەری یەکەم:** ناساندنی شێخ مارفی نۆدێ و هەوڵ و بەرهەمە زانستیەکانی.
**تەوەری دووەم:** دۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی لە سەردەمی شێخ مارف و حوکمڕانیی میرەکانی بابان.
**تەوەری سێیەم:** کاریگەریی دۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی لەسەر شێخ مارفی نۆدێ لەڕوانگەی شیکاریکردنی نامەکەی بۆ سوڵتان سەلیم لەساڵی ١٧٩٠ز.
لەکۆتاییشدا ئاماژە بەگرنگترین ئەو ئەنجامانە دەکەین کەلەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتووین.

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852e-ISSN: 2617-3034

**تەوەری یەکەم: ناساندنی شێخ مارفی نۆدێ و هەوڵ و بەرهەمە زانستیەکانی**

سەید محەمەد، ناسراو بە (شێخ مارفی نۆدێ)، لە ساڵی (١١٦٦ کۆچی بەرامبەر بە ١٧٥٢ زاینی) لە گوندی (نۆدێ)ی سەربە شارباژێر[1] لە سەردەمی حوکمڕانی بابانەکاندا لە دایکبووە[2].

ناوی تەواوی محەمەد معروف کوڕی موستەفای کوڕی ئەحمەدی نۆدێیی شارەزووری بەرزنجی شافیعیی قادرییە[3]، بە سیانزە پشت دەگاتەوە سەر سەید عیسای بەرزنجی کوڕی سەید بابا عەلی هەمەزانی، هەروەك لەهۆنراوەیەکیدا ئاماژەی پێکردووە شێخ مارف بەبیست و دوو پشت نەسەبی خۆی دەگەیەنێتەوە سەر فاتیمەی کچی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) هاوسەری عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب.

مامۆستا شێخ محەمەدی خاڵ لەوەسفیدا دەڵێ: "شێخ مارف زێدی لەدایکبونی نۆدێ و نیشتمانی سلێمانی و نیسبەتی بەرزنجی و مەزهەب شافیعی و عەقیدە ئەشعەری و نەسەبی حوسەینی و مەشرەب سوننی و تەریقەت قادریە"[4].

لە خزمەتی باوکیدا قورئانی پیرۆز و هەندێک نامیلکەی فارسی و زانستەکانی نەحو و سەرف و فیقهی خوێندەوە، دوای فێربونی بنەماکانی خوێندن و نوسین باوکی بردویەتیە قەڵاچوالان[5]، کەناوەندی میرنشینی بابانەکان بووە، لەوێ خستویەتیە خوێندنگەی غەزائیە[6]، لەو خوێندنگەیە بەشێک لە کتێبی (شرح المغني)ی جاربردی لەنەحودا خوێندووە.

لەدوای ڕووداوی کوشتنی سلێمان پاشا میری بابانەکان لەقەڵاچوالان لە ساڵی (١١٧٨ك) زۆر نیگەران دەبێت و ناوچەکە بەجێدەهێڵێت بەرەو گوندی (هەزار مێرد) لەسلێمانی، لەوێ لە قوتابخانەی مەلا محەمەد ناسراو بە (ابن الحاج) دەمێنێتەوەو دەستدەکات وەرگرتنی زانست و زانیاری لەخزمەت ئەو زاتە گەورەو بەتوانایە، بەخوێندنی کتێبی ڕوونکردنەوەی سیوتی لەسەر ئەلفیەی ئیبن مالك لە نەحودا دەستپێدەکات و لە زانستی لۆجیکیشدا (حاشیة الیزدي علی تهذیب المنطق) دەخوێنێت، پاشان کتێبی (المختصر) ی تەفتازانی لە بنەماکانی ئاییندا تەواو دەکات.

دوای مانەوەی چوار ساڵ لە قوتابخانەکەی ئیبن الحاج و پاش ئاسایی بونەوەی بارودۆخی شاری قەڵاچوالان، دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو قوتابخانەیەی پێش ڕۆشتنی بۆ گوندی هەزار مێرد زانستی تێدا وەردەگرت و جارێکیتر لای زانای گەورە (مەلا محەمەد غەزایی) وەك قوتابی جێگیر دەبێت، دوای ئەوەی خوێندنی تەواودەکات و مۆڵەتی ئەکادیمی وەردەگرێت، بەردەوام دەبێت لە خوێندن و لێکۆڵینەوە تا دەبێت بە زانایەکی گەورە و هۆنەرێکی نایاب و هەڵکەوتوو، پاشان وەک مامۆستا لە یەکێك لە قوتابخانەکانی شاری قەڵاچوالان دادەمەزرێت.

شێخ مارف لای میرەکانی بابان زۆر قبوڵکراو و ڕێز لێگیراو بوو، بۆیە ماوەیەکی زۆر لەپایتەختی میرنشینەکەیان دەمێنێتەوە تا ئەوکاتەی پایتەخت لە قەڵاچوالانەوە دەگوازرێتەوە بۆ سلێمانی لە ساڵی (١٢٠٠ک - ١٧٨٥ز)، پاشان شێخ (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لەسەر داوای ئەوان دەچێتە سلێمانی و وەک مامۆستا لە مزگەوتی گەورە دەستبەکار دەبێت، لەگەڵ خۆیدا ئەو کتێبخانە گەورەیەش دەگوازێتەوە کە لە قەڵاچوالان بوو.

بەشێوەیەك قوتابخانەکەی گەشە دەسێنێت تا دەگاتە لوتکەو دەبێتە دامەزراوەیەکی یاسایی و ناوەندێکی زانستی گەورە، بەناوبانگترین و شارەزاترین زانا و نووسەرانی دەرەوشاوە لەو ناوەندەوە دەردەچن و دەناسرێن، لەوانە: موفتی زەهاوی، شێخ حسێن قازی، شێخ مەحمود بەرزنجی، و شێخ بابا ڕەسوڵ، ناسراو بە (سناء الدین البرزنجي)، و حاجی کاك ئەحمەدی شێخ.

شێخ -ڕەحمەتی خوای لێ بێت- تەریقەتی قادری لە (شێخ عەلی دۆلپەمویی)مامی باوکیەوە وەردەگرێت و دەبێتە پێشەنگی تەریقەتەکە، کەئەو زاتەش لە (شێخ ئیسماعیل قازانقایی) و ئەویش لەشێخ (احمد الاحسائی) وەریگرتووە تا دەگاتە شێخ عبدالقادر گەیلانی خوای گەورە لێیان خۆشبێت و پلەو پایەیان بەرزو بڵندکات[7].

شێخ مارف بەردەوام دەبێت لە وانەوتنەوە و خزمەتی ئاین و زانست و گەل و نیشتمانەکەی تا لەساڵی (١٢٥٤ك-١٨٣٨ز) لەشاری سلێمانی کۆچی دوایی دەکات و هەرلەوێش بەخاك دەسپێردرێت.

**بەهەرمە زانستی و ئەدەبیەکانی شێخ مارف:**

---

1 لەهەندێ لەسەرچاوەکان ئاماژە بەگوندی نۆدێ دراوە کە سەر بەشارەزوورە، ئەمەش بەهۆی ئەوەیە کە سنوری ویلایەتی شارەزوور لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانیدا لە سنەوە درێژبووەتەوە تا نزیك شاری موسڵ، بۆیە لەو روانگەیەوە وتراوە گوندی نۆدێ سەر بە شارەزوور، بەڵام بۆ ئێستە وا پەسەندە کە بوترێت سەر بە قەزای شارباژێر.

2 سەبارەت بە مێژووی لەدایکبوونی شێخ مارف لەسەرچاوەکان ساڵی لەدایکبوونی بەساڵنامەی کۆچی جیاوازی تێدا نییەو دیاریکراوە بە (١١٦٦)ی کۆچی، بەڵام بەساڵنامەی زاینی جیاوازی هەیەو لەهەندێك سەرچاوە ساڵی زاینی بە(١٧٥٢) دیاریکراوەو لەهەندێ سەرچاوەیتر بەساڵی (١٧٥٣) ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی جیاوازی لەکاتی بەرابەرکردنی ساڵی کۆچی بە ساڵی زاینی.

3 الزرکلي: الأعلام، ٧/ ١٠٥. کحالة، عمر رضا: معجم المؤلفین، ١٢/ ٤١.

4 الشیخ معروف النودهي، ل٧٨.

5 قەڵاچوالان (پێش دروستکردنی سلێمانی شارۆچکەیەکی گەورە بوو هەر لە دامەزراندنی میرنشینی بابانییەوە ناوەندی ئەم میرنشینە بووە) و ئەمڕۆ گوندێکە سەر بەشارباژێر ٣٠کم لەباکوری ڕۆژهەڵاتی سلێمانی دوورە. الشیخ معروف النودهي، ل١٢.

6 ناوی لە دامەزرێنەرەکەیەوە ناونراوە کە زانای دیار (مەلا محمد غەزایی) بووە.

7 شهرور السلیمانیة، ل228.

شێخ مارف (خوا لێی خۆشبێت) هەر لەتەمەنێکی زووەوە بەهۆی ئەو بەهرەمەندیە فراوانەی هەیبوو دەستدەکات بە نووسین و دانانی کتێب لە زانستەکانی زمان و ئەدەبی عەرەبی و زانستە شەرعییەکان، لەم چوارچێوەیەشدا زۆرێك لەکتێبەکانی بەشێوەی هۆنراوە داناوەو راڤەو شیکردنەوەشی بۆ کردووەو دەیان کتێبی نووسیوە، لەگرنگترین و بەناوبانگترین کتێبەکانی1:

**یەکەم: لەبواری عەقیدە:**

1-الفرائد في العقائد، کە پێکهاتووە لە (٤٩٠) دێرە شیعر.

2-الفريدة في العقيدة.

3-زاد المعاد في مسائل الاعتقاد.

**دووەم: لەبواری فیقهی میرات:**

4-قطر العارض في علم الفرائض، پێکهاتووە لە (٤٢٢) دێر.

5-كشف الغامض شرح لمنظومة قطر العارض، (١٤٣) لاپەڕەیە.

**سێیەم: لەزانستی ئوسوڵی فیقە:**

6-سلم الوصول في علم الأصول. هۆنراوەیەکە لە(١٣١) دێر پێکهاتووەو کاك ئەحمەدی شێخ شەرحی کردووە.

**چوارەم: لەزانستی فەرموودە:**

7-عقد الدرر، هۆنراوەیەکە لەسەر کتێبی (نخبة الفكر)ی ئیبنوحەجەری عەسقەلانی دەربارەی (مصطلح أهل الأثر)، لە (٢١٠) دێر پێکهاتووە.

**پێنجەم: لەزانستی نەحو و صەرف:**

8-ترصيف المباني نظم تصريف الزنجاني، (٤٦٦) دێرە شیعری لەخۆگرتووە.

9-الشامل للعوامل، کتێبی (عوامل الجرجاني)یە کە کردویەتی بەهۆنراوە.

10-الإغراب نظم قواعد الإعراب، زیاترە لە (٢٣٠) دێرە شیعر.

11-كفاية الطالب نظم كافية ابن الحاجب، هۆنراوەیەکە لە(١٦٨٣) دێر پێکهاتووە.

12-فتح الرؤوف في معاني الحروف، لە(١٦١) دێرە شیعر پێکهاتووەو ناوێکی دیکەشی هەیە: (القطوف الدواني في حروف المعاني).

13-التعريف بأبواب التصريف، کە نامیلکەیەکی کورتە.

**شەشەم: لەزانستی لوجیك (المنطق):**

14-فتح الموفق في علم المنطق.

15-نظم آداب البحث، في علم آداب البحث والمناظرة، (٢٣) دێرە شیعری لەخۆگرتووە.

**حەوتەم: لەزانستی بەلاغەو بەیان:**

16-تنقيح العبارات في توضيح الاستعارات، هۆنراوەیەکە پێکهاتووە لە (١٦٦) دێرە شیعر لەسەر زانستی بەیان، هەروەها دووبارە لەدوتوێی (٥٠) لاپەڕەدا شەرحی ئەم هۆنراوەیەی کردووەتەوە.

17-نظم العضدية في الوضع.

18-عمل الصياغة في علم البلاغة، (٨٠٠) دێرە شیعرە.

19-فتح الرحمن في علمي المعاني والبيان، هۆنراوەیەکە لە (٣٨٤) دێر پێکهاتووە.

20-غيث الربيع في علم البديع، (٢٤٤) دێرە شیعرە لەمەدحی پێغەمبەر.

21-نظم العروض، هۆنراوەیەکە (١٧٥) دێرە شیعری لەخۆگرتووە.

**هەشتەم: لەزانستەکانی جوان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز:**

22-الجوهر النضيد في قواعد التجويد، هۆنراوەیەکی (٢٦٢) دێرییە.

23-فتح المجيد في قواعد التجويد. نامیلکەیەکە بەزمانی فارسی لەزانستی تەجوید (١٠) لاپەڕەیە.

**نۆهەم: لەزمانی عەرەبی:**

24-الأحمدية في ترجمة العربية بالكردية. هۆنراوەیەکە بۆ کاك ئەحمەدی شێخ نوسیویەتی (١٤٧٥) وشەی عەرەبییە بەرامبەر بە کوردی.

25-أيشده، هۆنراوەیەکی فارسیە لە (٢١١) دێر پێکهاتووە لەمەدحی پێغەمبەر.

26-الروضة الغنى في الدعاء بأسماء الله الحسنى، لە(٢١٢) دێرە شیعر پێکهاتووە.

27-شرح الصدر بذكر أهل البدر، (٤٠٢) دێرە شیعری لەخۆگرتووە، ناوی هەموو هاوەڵانی بەدری تێدایە.

28-تنوير البصائر في التحذير عن الكبائر، هۆنراوەیەکە لە(٦٤) دێر پێکهاتووە.

29-روض الزهر في مناقب آل سيد البشر، لە(١٣١) دێرە شیعر پێکهاتووە.

30-الجوهر الأسنى في الصلاة المشتملة على أسماء الله الحسنى، (٥٠) لاپەڕەیە.

1 الشيخ معروف النودهي، ل٩٣-١١١. زیاتر لەم ژمارەیە لەدانراوو ئاماژەی پێکراوە

**تەوەری دووەم: دۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی لە سەردەمی شێخ مارف و حوکمڕانیی میرەکانی بابان**

شێخ مارفی نۆدێ لە ساڵی (١١٦٦ ک- ١٧٥٢ز) لە سەردەمی سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشای گەورە، پێنجەمین میری بابان لەدایک بووە، لە ساڵی (١٢٥٤ ک - ١٨٣٨ز) لە سەرەتای سەردەمی میرنشینی ئەحمەد پاشاکوڕی سلێمان پاشا، کۆچی دوایی کردووە، واتە تا سەردەمی دوایین میری بابانەکان ژیاوە.

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان شێخ لەماوەی ژیانیدا فەرمانڕەوایی سێزدە لە میرەکانی بابانی بینیوە، بۆیە پێویستە لێرەدا ئاماژەیەکی کورت بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی ئەو سەردەمە بکەین.

بنەماڵەی بابانەکان بنەماڵەیەکی ڕێزدارو ئاین پەروەربوون، بەخشندەو ئازاو خاوەن فەزلی گەورە بوون و قەدری زۆری ئەهلی مەعریفەو زانستیان گرتووە، بە چەندین قۆناغ و سەردەمدا تێپەڕیون کە بەشێکی زۆری فەرامۆشکراوە.

ڕەچەڵەکی ئەم بنەماڵەیە دەگەڕێتەوە بۆ (فەقێ ئەحمەد)[1]ی دارەشمانی[2]، میرنشینەکەیان لە سەرەتادا لە بەڕێوەبردنی خێڵێکی بچوکەوە گەشەی سەندووە، تا سەردەمی (سلێمان پاشای بەبە) کوڕی (ماوەندی کوڕی فەقێ ئەحمەد)، لە ساڵی (١٠٨٨ک - ١٦٧٧ز) میرنشینەکەی ڕاگەیاندو دەستیکرد بەخزمەتی وڵاتەکەی بەرەو پێشکەوتنی برد[3]، پاشان بەهۆی هەڵویستەکانیەوە توشی ئاستەنگی زۆر بوویەوە، بۆیە بەناچاری سەفەر دەکات بۆ ئیستەنبوڵ و لەوێ دەکرێت بە والی (ئەدرنە)، هەر لەوێ دەمێنێتەوە تا لە ساڵی (١١١٥ ک – ١٧٠٣ ز) کۆچی دوایی دەکات [4].

دوای کۆتایی هاتنی سەردەمی (سلێمان پاشا)، (بەکر بەگ)ی کوڕی دەستبەکار دەبێت، لەسەردەمی ئەمدا سنوری قەڵەمڕەوی بابان گەشە دەسێنێت و بەشێوەیەك فراوان دەبێت کە لەسیروانەوە -دیالە- درێژببوەوە تا زێی بچووك، تەنانەت ناوچە شاخاویەکانی نزیك ڕێگای شارۆچکەی کفری دەبێتە وڵاتی بابانەکان، ئەمەش بووەهۆی نیگەرانبوونی حوکمەتی عوسمانیەکان و لەئەنجامدا بەکربەگ دەکوژن و دەستدەگرنەوە بەسەر ئەو ناوچانەدا[5].

پاشان (خانەپاشا) کوڕی (تەیمورخان) لەساڵی (١١٣٣ک- ١٧٢١ز) توانی ژیان بۆ میرنشینی بابان بگەڕێنێتەوەو سنوری حوکمڕانی فراوانبکات، بەشێوەیەك کە ویلایەتی ئەردەڵان و زۆرێك لەناوچەکانی دەوروبەری ویلایەتی موسڵیش دەکەوێتەژێر دەسەڵاتیەوە، ئەمەش رق و تورەیی (نادر شا) پادشای ئێران بەرامبەری دروست دەکات، تا لەساڵی (١١٤٣ک- ١٧٣٠ز) ناوبراو هێرش دەکاتە سەر میرنشینەکەی و کۆتایی بە دەسەڵاتی دەهێنێت[6].

ساڵی (١١٥٦ک- ١٧٤٣ز)، (سەلیم پاشا کوڕی بەکر بەگ) بەپشتگیری فارسەکان دەسەڵاتی بابانەکان دەگرێتەوە دەست، لێرەوە لایەنگیری و دۆستایەتی میرەکانی بابان بۆ حکومەتی ئێران دەستپێدەکات و ئەوانیش پاڵشتیی تەواو بۆ بابانەکان پێشکەش دەکەن، ئەم لێك نزیکبوونەیە (سلێمان پاشا) والی بەغدا تورەدەکات و لەساڵی (١١٦٤ک- ١٧٥٠ز) بڕیاردەدات پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بابانەکان بدات بەسوپایەکی بێ شومارەوە، لەو هێرشەدا سوپای (سەلیم پاشا) تێکدەشکێت و ناچار دەبێت ڕووەو ئێران هەڵبێت، بەمەش زۆرینەی ناوچەکانی لەدەستدەدات تا سوپاکەی (سلێمان پاشا) نزیك دەبێتەوە لەقەڵاچوالان و بڕیاردەدات (سلێمان پاشای کوڕی خالید پاشای بابان) بکات بە دەسەڵاتداری ناوچەکەو بەردەوامدەبێت لەپشتگیری کردنی تا ساڵی (١١٧٥ک- ١٧٦١ز)[7]، پاشان دووبەرەکی لەناو بنەماڵەی میرەکانی بابان دروستدەبێت و سەرەنجام (سلێمان پاشای بابان) دەستبەرداری دەسەڵات دەبێت بۆ (ئەحمەد پاشا)ی برای و پاشان بەخۆی و ژمارەیەك لەپیاوەکانی ڕوودەکاتە ئێران و پەنا بۆ (کەریم خانی زەندی) دەبات، ئەویش لەوێ دەیکات بە فەرمانڕەوای میرنشینی ئەردەڵان[8].

(ئەحمەد پاشا) بەردەوامبوو لەحوکمڕانی وڵاتی بابان تا ساڵی (١١٧٧ک- ١٧٦٣ز)، لەو ساڵەدا والی بەغدا داوای هاوکاری لێکرد بۆ هێرشکردنەسەر هۆزی کەعب، هەبۆیە بەخۆی و سوپاکەیەوە چوو بەدەم داواکەی والیەوە، لەوکاتەدا (سلێمان پاشا)ی برای ئەوە بەهەلدەزانێت و دەگەڕێتەوە قەڵاچوالان و داگیری دەکات، بەڵام (ئەحمەد پاشا) دەگەڕێتەوەو بەبێ شەڕ لەقەڵاچوالان دەریدەپەڕێنێت، لەهەمان ساڵدا (عومەر پاشا) دەبێتە والی بەغدا کە یەکێك بوو لەهاوەڵە نزیکەکانی (سلێمان پاشای گەورە)، بۆیە جواب دەنێرێت بۆ (سلێمان پاشا) کە لەو کاتەدا لەشاری سنە دەبێت و گفتی سپاردنی دەسەڵاتدارێتی ناوچەکانی بابان و چەندین ناوچەی دیکەی پێدەدات، بۆیە (سلێمان پاشا) ڕازیدەبێت و حکومەتی سنە بەجێدێڵێت بۆ (خالید بەگ)ی کوڕی و خۆی دەگەڕێتەوە بۆ قەڵاچوالان، بەڵام لەساڵی (١١٧٨ک- ١٧٦٤ز) شەوێك لەشەوەکان پیاوێك بەناوی (فەقێ ئیبراهیم) زەفەری پێدەبات و لەقوڵایی خەودا دەیکوژێت و هەرلەوێ بەخاك دەسپێردرێت[9].

1 التعریف، ل٢٥.
2 دارەشمان، گوندێکە لە ناحیەی پشدەر.
3 دائرة المعارف الاسلامیة، بەرگی 4، ل٥٣٥.
4 التعریف، ل٢٥.
5 تاریخ السلیمانیة، ل٦٤.
6 تاریخ السلیمانیة، ل٦٧. التعریف، ل٢٥-٢٦.
7 تاریخ السلیمانیة، ل٧٤. التعریف، ل٢٦.
8 تاریخ السلیمانیة، ل٧٩.
9 تاریخ السلیمانیة، ل٧٩.

بەپێی بەڵگەنامەکان (سلێمان پاشای گەورە) پیاوێکی لەخواترس و چاکەکارو ئاین دۆست بووە، یەکێك لەکارە ناوازەکانی کە تەواوی سەروەت و سامانەکەی لەزەوی و باخ و ئاش و کۆگاو دوکان و ....هتد، وەقفکردووە بۆ فێرخوازان و بێ نەوایان و بێ باوکان و مزگەوت و رێگاوبان لەگشت ناوچەکانی فەرمانڕەوایەتیەکەی[1].

دوای کوژرانی (سلێمان پاشا) (محەمەد پاشا)ی برای وەك میری بابان دیاری کرا، ناوبراو لەگەڵ والی بەغدا (عمر پاشا) پەیوەندی وهاوکاری توندو تۆڵ لەنێوانیاندا هەبوو، بۆیە (محەمەد پاشا) داوای لێکرد کە لە (ئەحمەد پاشا)ی برای ببورێت و بیگەڕێنێتەوە بۆ لای خۆی، (عمر پاشا)ش ڕازی بوو بەو داواکاریەو (ئەحمەد پاشا) لەئێرانەوە گەڕایەوەو (محەمەد پاشا)ی برای کردی بەدەسەڵاتداری قەرەداغ و چەند ناوچەیەکی تر بۆ ماوەی هەشت ساڵ، بەمجۆرە تا ماوەیەك بەردەوامبوون، بەڵام (ئەحمەد پاشا) هەر چاوی لەسەر قەڵاچوالان بوو، بۆیە کاتێك کە نەخۆشی ویەتا لە قەڵاچوالان بڵاو بویەوە (محەمەد پاشا) بە ناچاری بەرەو دەشتی کۆیە ڕۆشت، لەو کاتەدا (ئەحمەد پاشا) هەلەکەی قۆستەوەو پەلاماری قەڵاچوالانیدا، بەڵام بەنێوەندگیری زانایان و کەسانی باش، ڕێگریی لەشەڕکراو پێکادان ڕوینەدا، پاشان (محەمەد پاشا) (ئەحمەد پاشا)ی دەستگیرکردوو سوپاکەی ڕەوانەی ناوچەی قەرەداغ کرد بۆ دەستگیرکردنی (مەحمود پاشا)ی برایان کە پشتگیری (ئەحمەد پاشا)ی دەکرد، (مەحمود پاشا) کاتێك بەهەواڵەکەی زانی خۆی گەیاندە والی بەغداو گفتی لێوەرگرت کە پشتگیریان بکات دژی (محەمەد پاشا)ی برای، ئەویش سوپای نارد بۆ پشتگیری (مەحمود پاشا)و هەر کە (محەمەد پاشا) بەوەی زانی، ڕویکردە سنەو پەنای بردەلای (کەریم خانی زندی) لەساڵی (١١٨٨ك- ١٧٧٤ز)، بەوەش (مەحمود پاشا) توانی (ئەحمد پاشا) ڕزگار بکات و کردیە میری بابان.

بەم شێوەیە کێشەو دووبەرەکی هەر بەردەوامبوو، ئاگری شەڕ جارێکیتر بڵێسەی کردەوەو (محەمەد پاشا) بە پشتیوانی سوپای (کەریم خان) هێرشی کردە سەر قەڵاچوالان و پاش شەڕو کوشتارێکی زۆر، سوپای ئێرانی تێکشکا، کاتێك (کەریم خان) بەوەی زانی، سوپایەکی بێشوماری نارد بۆ هێرشکردنە سەر بەسرەو بەغداو شارەزوور، والی بەغدا ئەم هەواڵانەی پێدەگات و دەستبەجێ بڕیار دەدات بە دورخستەوەی (ئەحمەد پاشا)و (محەمەد پاشا) دەکاتەوە بەمیری بابان، بۆیە دوای کوشتارو تاڵانی و کاولکاریەکی زۆری سوپای ئێرانی لە میرنشینەکەدا (ئەحمەد پاشا)و (مەحمود پاشا)ی برای بەرەو کرکوك هەڵدێن و (محەمەد پاشا)ش دەگەڕێتەوە قەڵاچوالان.

لەسالی (١١٩٢ك -١٧٧٨ز) دیسانەوە (ئەحمد پاشا) بەسوپایەکی زەبەلاحی ئێرانیەوە هێرشیکردەوە سەر قەڵاچوالان و (محەمەد پاشا)ی دەرپەڕاندو خۆی وەك میری بابان بۆ جاری سێهەم دەسەڵاتی گرتەوەدەست، دوای کشانەوەی سوپای ئێرانی ئینجا (محەمەد پاشا) ڕویکردە دەشتی کۆیە و لەوێ لەگەڵ (تەیمور پاشا) سوپایەکیان بەڕێخست بەرەو قەڵاچوالان، بەڵام (ئەحمد پاشا) توانی سوپاکەیان تێکبشکێنێت و (تەیمور پاشا) بکوژێت و چاوەکانی (محمەد پاشا)ش دەردەهێنێت، بەم شێوەیە بارودۆخی ئاڵۆزو نائارامی بەدەوام دەبێت تا کاتی مردنی (ئەحمد پاشا).

پاش مردنی (ئەحمەد پاشا) والی بەغدا (مەحمود پاشا)ی وەك میری بابان دیاریکردوە، لەساڵی (١١٩٦ك -١٧٨٢ز) والی بەغدا (سلێمان پاشا) سوپایەکی گەورەی بەرەو کەکرکوك بەڕێخست، لەوێ (برایم بەگ) کوڕی (ئەحمەد پاشا)و ژمارەیەك لە میرزاکانی بابان و شوێنکەوتوەکانیان لەگەڵ سوپاکەی کۆیە یەکیدەگرن، کاتێك مەحمود پاشا ئەم هەواڵانەی پێدەگات هەست بەترسناکی بارودۆخەکە دەکات، بۆیە وڵات بەجێدەهێڵێت و ڕودەکاتە سنە، پاشان (سلیمان پاشا) والی بەغدا لەساڵی (١١٩٨ك- ١٧٨٣ز) کاروباری میرنشینی بابانی سپارد بە (برایم پاشا)ی کوڕی (ئەحمەد پاشا) کە کەسێکی زاناو ڕۆشنبیرو دادپەروەر بوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتدا، ئەم میرە بەشێکی زۆری ژیانی لەبەغدا بەسەر بردبوو، بۆیە زۆر حەزی بەشارستانیەت و گۆڕانکاری بوو، مانەوەی لە قەڵاچوالان لەسەر قورس بوو، بۆیە بیری لە دروستکردنی شارێکی هاوچەرخ کردەوە.

لەساڵی (١١٩٩ك -١٧٨٤ز) (برایم پاشا) دەستیکرد بەبنیاتنان و دروست کردنی شاریکی نوێی سەردەمیانە کە کونجاوبێت بۆ پایەتەختی دەسەڵاتەکەی، بۆیە پاش ساڵێك کارەکانی دروستکردنی شارەکەی تەواکردو پایەتەخی میرنشینەکەی بۆ گواستەوەو ناوی لێنا (سلیمانی)، گەشە سەندن لەم شارەدا دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت تا والی بەغدا لەهەمان ساڵدا دوا لە (برایم پاشا) دەکات سەرپەرشتی سوپای بەغداد بکات بۆ بەگژدا چونەوەی یاخیبوان و سەرپێچکاران، (برایم پاشا) سەرکەوتوو بوو لەکارەکەیداو سەرپێچیکارانی تێکشکاندو پاشان گەڕایەوە بۆ سلێمانی، بەڵام (سلێمان بەگی شاوی) جارێکیتر هەڵگەڕایەوە لەوالی بەغداو لە هەمان ساڵدا پەلاماری بەغدای دایەوە، بۆیە والی بەغدا داوای یارمەتی لەمیرەکانی بابان کردەوەو هەر زوو (عوسمان پاشا) لەپێش (برایم پاشا)وە چوو بەدەم دواکەی والی بەغداو ئەم کارەش بوەهۆی ئەوەی والی لە (برایم پاشا) نیگەرانبێت و لایبەرێت و (عوسمان پاشا) بکات بە میری بابان، بەم شێوەیە (عوسمان پاشا) دەسەڵاتی میرنشینی گرتەدەست، بەڵام زۆری نە خایاندو هەر زوو والی بەغدا (سلێمان پاشا) کەپیاوێکی خۆبەزلزان بوو بانگهێشتی (عوسمان پاشا)ی کرد بۆ بەغدا و لەوێ ژەهر خواردی کردو ساڵی (١٢٠٣ك -١٧٨٩ز) کۆتایی بەژیانی هێناو لەگۆڕستانی ئەبوحەنیفە بەخاکسپیردرا.

ئەمە بویە هۆی ئەوەی جارێکیتر (برایم پاشا) بگەڕێتەوە سەر کورسی دەسەڵات و بۆ جاری دووەم بویەوە بە میری بابانەکان، بەڵام زوری نەخایاند والی بەغدا لایدایەوەو (عەبدوڕەحمان پاشا)ی بابانی لەجێی داناو نازناوی (میری میرەکانی بابان)ی پێبەخشی و گەڕایەوە سلێمانی، لەبەر ئەم هۆکارە (برایم پاشا) ڕوی کردە ئێران، پاشان لەساڵی (١٢١٢ك -١٧٩٧ز) گەڕایەوە بەغداو پەیوەندی بە والیەوە کردەوە، ئەویش (عەبدوڕەحمان پاشا)ی بانگهێشتی بەغدا کردو بۆ جاری سێهەم (برایم پاشا)ی کردەوە بەمیری بابان، بەم جۆرە کارەساتبارو گاڵتەجاڕیە هەرجارەو یەکێك لەمیرەکانی بابان دەچونە لای والی بەغداو خۆی لێ نزیك دەکردەوەو ئەویکەی ناشرین دەکردو خۆی دەبووە میرو دەسەڵاتدار.

کاروباری وڵاتی بابان و میرەکانی لەو سەردەمانەدا بەم شێوازە دەگوزەرا، میری وایان هەبوو چەند جارێك دەسەڵات و کاروباروی وڵاتی وەردەگرت و پاش ماوەیەك لادەبرا، یان خۆی هەڵدەهات بۆ ئێران و پاشان بەپاڵپشتی و سوپای ئێران دەگەڕایە، یان هەندێکیان پەشیمان

1 الشیخ معروف النودهي، ل١٨.

دەبوونەوەو پاش سازشکردن بۆ والی بەغدا دەگەڕانەوە، ئەمەش چەند هۆکارێکی هەبوو، لەوانە دەسەڵاتدارانی عوسمانی و ئێرانیەکان لەململانێکانی خۆیاندا بەکاریان دەهێنان و لەبەر ئەوەی هێزی ئەوان زۆر زیاتر بوو لە هێزی میرەکانی بابان و ئەمانیش زۆر ناکۆك و ناتەبا بوون لەنێوان خۆیاندا و پیلانیان لەدژی یەکتر دەگێرا، زۆربەیان دەبونە داردەستی بێگانە لەپێناو پلە پۆستێکی کاتیی کەهیچ بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو، تەنانەت زۆرجار براو برا، یان مام و برازاو کوڕو باوك لەدژی یەکتر دەوەستانەوەو لەپێناو دەستخستنی کورسی و دەسەڵات پلانیان لەدژی یەکتر دەگێڕاو سوپای بێگانەیان دەهێنایەسەر گەل و نیشتمانی خۆیان.
لەناو میرەکانی باباند کەسی لێهاتوو هەڵکەوتوو زۆربوون وەك (عەبدوڕەحمان پاشا) کە لەماوەی بیست و چوار ساڵدا شەش جار بوە بەمیری بابان و دەسەڵاتی گرتوتەدەست، بەڵام بەهۆی خراپی ونادڵسۆزی و خیانەتی خزمانی بابانەوە هیچ کات نەگەیشتووە بەئامانجی خۆی هەر جارێك بەپلانێك لابراوە، بۆیە هەمیشە وڵات لەدواکەوتوویی و نەزانی و شەڕو ناکۆکیدا بووەو هیچ کات نەتوانراوە هێمایەکی پێشکەوتن و ئاوەدانی و شارستانیەت بۆ نەوەکانی دوای خۆیان جێ بهێڵن کە جێی باس و ستایش بێت.
میستەر ڕیچ لەکتێبەکەیدا باس لە دووربینی ئەم پادشایە و تەماحی نەتەوەیی دەکات و دەڵێت: "هەمیشە هەوڵی دەدا کاروباری شانشینی خۆی ڕاستەوخۆ لە گەڵ ئیستەنبوڵدا ببەستێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی ساڵانە باجێکی پێشوەختەی دیاریکراو بدات بەحکومەت، بەو مەرجەی تەنها ملکەچی سوڵتان بێت و فەرمان هەر لەو وەربگرێت و هیچ کەسێکیتر دەستوەردان نەکات لە کاروباری میرنشینەکەیدا، بەڵام لە بەدیهێنانی ئەم خواستەدا نەگەشت بەئاواتەکەی"1.
کۆتا میری میرنشینی بابان (ئەحمەد پاشا) بوو کاتێک (سلێمان پاشا) کۆچی دوایی کرد، (ئەحمەد پاشا)ی کوڕە گەورەی جێگای گرتەوە، بەهۆی گەڕانەوەی (مەحمود پاشا)ی مامی بەپشتیوانی سوپای ئێران بۆ داگیرکردنی وڵاتی بابان، ئیتر لێرەوە کارەساتەکان ئەوەندەیتر گەورەترو جەرگبڕتربوون؛ چونکە بووە هۆی ململانێیەکی سیاسیی درێژخایەن، تا دواجار حکومەتی ئێران ناچار بوو بکشێتەوە، پاشان (ئەحمەد پاشا) گەڕایەوە بۆ دەستبەسەرا گرتنەوەی سلێمانی و لە ساڵی (١٢٥٨ك - ١٨٤٢ز) توانی (مەحمود پاشا) دەربکات، دواتر شەڕێکی خوێناوی لە نێوان سوپاکەی و سوپای (نەجیب پاشا) والی ئەوکاتەی بەغدا ڕوویدا کە لە ئەنجامدا (ئەحمەد پاشا) بەتەواوی شکستی هێنا و ناچاربوو لە ساڵی (١٢٦١ك - ١٨٤٥ز)هەڵبێت بۆ ئێران و پاشانیش لەوێوە رویکردە ئیستەمبول.
ئیتر ئەمە کۆتا قۆناغی حوکمی بابانەکان بوو؛ چونکە (نەجیب پاشا) والی بەغدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی میرنشینی بابانی دەرکرد، (عەبدوڵڵا پاشا)ی برای (ئەحمەد پاشا) دەکات بە قایمقامی سلێمانی، لەم کاتەدا (مەحمود پاشا) لەگەڵ دەستەیەك سەربازی ئێرانی هێرش دەکاتە سەر سلێمانی، بەڵام شکستی دەهێنێت و ناچار بەپاشە کشەکردن دەکرێت.
پاشان لە ساڵی (١٢٦٧ك - ١٨٥١ز) (نامیق پاشا) والی بەغدا (عەبدوڵڵا پاشا)ی بانگهێشت کرد بۆ بەغدا و لەوێ دەستبەسەری کرد و ئینجا ناردی بۆ ئیستەنبوڵ و لەجێگەی ئەو (ئیسماعیل پاشا)ی شازادەی تورکی نارد بۆ سلێمانی و کردیە قایمقام، بەم شێوەیە حوکمی بنەماڵەی بابانەکان کۆتایی پێهێنراو پێنجەمین میرنشینی بابانیش لەناوچوو کە دوو سەد ساڵێک درێژەی کێشا[2].
لێرەوە دەتوانین بڵێین کاتێك سەرنجی ئەم ڕووداوانە دەدەین زۆر بە ڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە سیاسەتی بەغدا هەمیشە لاوازکردنی میرنشینی بابان و شکاندنی شکۆو دەسەڵات و تەنانەت سڕینەوەشی بووە، لەهەمان کاتدا سیاسەتی حکومەتی ئێرانیش دەستوەردان بووە لە کاروباری میرنشینەکانداو بەبەردەوامی چاوی بڕیوەتە ناوچەی شارەزور، بەڵام ئەوەی جێی نیگەرانی زیاترە ئەوەیە کە میرەکانی بابانیش بۆ خۆیان هاوکاری سوپای داگیرکەرانیان کردووە دژی گەل و نەتەوەو نیشتمانی خۆیان وەستاونەتەوە، لەپێناو دەستکەوتنی کورسی دەسەڵات چەندین جەنگی خوێناوی و شەڕی براکوژییان ئەنجامداوەو بوونەتەهۆی کاولکاری و دواکەوتنی وڵات و نیشتمانی خۆیان، ئەمەش زانایانی ئیسلامی کوردی تەواو نیگەران کردووەو هۆیەوە بەشێکی زۆریان بەناچاری زێدی خۆیان جێهێشتووەو ئەشکی دوریی نیشتمانی خۆیان چەشتووە، ئەوانەشیان کەماونەتەوە وەك شێخ مارف (خوا لێی خۆشبێت) بەردەوام لەئازارو ناڕەحەتی و ئاوارەیی ناو نیشتمانی خۆیاندابوون.
بەم شێوەیە نیشتمانی کوردو گەلە خێر لەخۆ نەدیوەکەی لە قۆناغێکدا ملکەچی حوکمڕانی و چەوساندنەوەی تورکەکان و لە قۆناغێکیتردا لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاریی ئێرانییەکاندا بووە، هەندێک جاریش لەژێر دەسەڵاتی بابانەکان کەمێك پشویداوە، بەڵام دوژمنایەتی بەردەوامی نێوان حکومەتی ئێران و خەلافەتی عوسمانی و کێبڕکێی شازادەکانی بابانی لەسەر دەسەڵات و ئێرەیی و خۆپەرستیان، نەیهێشت میرنشینەکەیان گەشەبکات و بنەماکانی حوکمڕانی بە شێوەیەکی سیاسی ورد و دروست دابڕێژن و چێژ لە پۆستەکانیان وەرگرن، هەروەها ڕێگەیان نەدەدا دانیشتوانی وڵاتەکەیان لە ئاسوودەیی و ئارامیدا کەڵك لەبەروبومی ناوچەکەیان وەربگرن تامی ئازادی و خۆشگوزەرانی بچێژن؛ چونکە ئارەزو و تامەزرۆیی لەڕادە بەدەریان بۆ حوکمڕانی کاریگەرییەکی وای لەسەریان هەبوو کە نەیاندەتوانی بیرکردنەوە لەداهاتووی نەتەوەکەیان بکەنە ئامانج و کاری لەپێشینەیان.
بەداخەوە هەر ئەم مێژووە ڕەش و پڕ لەئەزموونی کۆیلایەتی و خیانەت و بێگانە پەرستیە، لەناو گەلی کورددا تا سەردەمی ئێستاشمان درێژبووەتەوەو هەمیشە عەقڵی ئێرەیی بەیەك بردن و یەکتر قبووڵنەکردن و خۆویستی و بێگانەپەرستی زاڵبووە بەسەر گەورە پیاوان و بەرپرس و دەسەڵاتدارانیدا، لەهەمان کاتیشدا پلانی بێگانە بۆ بەگژداکردنی برا لەگەڵ براو باوک لەگەڵ کوڕو دۆست و خزم خێڵ لەگەڵ یەکتر بەردەوام ئامادەبووە.
لەسەر ئەم دۆخە بەدبەختە یەکێک لە شازادەکانی بابان گلەیی خۆی بۆمستەر ڕێچ دەربڕیوەو دەڵێت: "ئەو ئێرەییەی کە لە نێوان شازادەکانماندا هەیە هۆکاری ڕووخانی وڵاتی بابان و لەناوچوونیەتی، گومانی تێدا نییە ئەگەر وا نەبوایە لەبەر ڕکابەری و ئێرەییان، ئەو دوو حکومەتە نەیاندەتوانی سەرکەوتوو بن" کەمەبەست پێی ئێران و عوسمانیەکانە لەشکست پێهێنانی کوردو ژێردەستە کردنیدا.

---

1 رحلة ريج المقيم البريطاني في العراق، ل--.
2 مێژووی سلێمانی و ناوچەکانی، ل١٥٨-١٦٢.

هەروەها لە یەکێک لە دیدارەکانیدا لەگەڵ (مەحمود پاشا)، میستەر ڕیچ دەگێڕێتەە کەئاواتی خواستووە حکومەتی بابان هەڵبستێتەوە و گەشە بکات، بەڵام (مەحمود پاشا) پێی دەڵێت: "ئەمە چاوەڕوانییەکی مەحاڵە، مەگەر خوای گەورە تاعون و بەڵایەك بەسەر میرەکانی باباندا بێنێت کە هەمویان لەناو ببات و تەنها یەك میریان بهێڵێتەوە".
لەدرێژەی گێڕانەوەکانیدا (ریچ) لەزاری یەکێک لە پیاوەکانی پاشاوە باس دەکات و دەڵێت: "ئێمە بەهۆی ئیرەیی شازادەکانمان لەناو خۆیاندا لەناوچوین، نە تورک و نە ئێرانییەکان هیچ ڕێگەیەکیان نییە بۆ ئەوەی زیانمان پێ بگەیەنن جگە لەقۆستنەوەی ئەو ناکۆکی و کێبڕکێیەی لە نێوان سەرکردەکانماندا هەیە، ئێمە ئەمەباش دەزانین و سەرەڕای ئەوەش ئەوان هەمیشە سەرکەوتوو دەبن لەلێدان و سەرکوتکردنمان"[1].
شێخ مارفی نۆدێ کاتێک چاوەکانی بەدونیا هەڵدێت، حوکمڕانی بابانەکانی لە گێژاوی سەرلێشێواویەکی قووڵدا نوقومببوو، زاڵبونی دەسەڵاتی تورک و فارسەکان لەو سەردەمەدا، لەترۆپکی دڕندەیی و بێ بەزەییدا بوو.
هەروەها ئەو وێرانکاریە بێ کۆتایانەی بەچاوی خۆی دەبینی کە بەسەر نیشتمانەکەیدا دەهات لە تەوای ناوچەکانی حوکمڕانی بابانەکاندا، بە تایبەت ئەو کوشت وبڕو تاڵانکاریی و سووتاندن و کاولکاریانەی بەسەر سلێمانیدا دەهاتن، هەموو ئەوانە کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوەی شێخ و شێوەی شیعرو هۆنراوەکانی جێهێشتووە، وەك لەتەوەری داهاتوودا ئاماژەی بۆ دەکەین.
سەرەڕای ئەم ڕووداوانە کە پێشتر باسمان کرد و سەرەڕای ئەو وێرانکاریانەی بەسەر دەڤەری میرنشینی باباندا هات و ئەو ئاوارەیی و غوربەتەی بەسەر زانایاندا هات، پاشاو میرەکانی بابان دیوێکی گەشاوەو شارستانی لەبیرنەکراویان هەیە کەناکرێت لەژێر هیچ پاساوێکدا لەبیر بکرێت و ئاماژەی بۆ نەکرێت، ئەویش بریتیە لە خۆشەویستیان بۆ زانست و زانایان و خزمەتی بەرچاویان لەو بوارەدا؛ چونکە ئەوان هەمیشە قەرەبووی ئەو قوتابخانەو مزگەوتانەیان ئەکردەوە کە ڕوبەڕووی تێکدان و کاولکاری دەبوونەوە، هیچ کەمتەرخەمێکیان نەدەکرد لە نوێکردنەوەی ئەوشوێنانەی خزمەتی زانست و ئاینی تێدا دەکرا، بۆیە پشتگیری زانایانی ئاینییان دەکرد و گرنگییەکی زۆریان پێدەدان و سەردانی زانا و مامۆستایانیان ئەکرد لە قوتابخانەکانیاندا، هەروەها منداڵەکانیان دەنارده قوتابخانە ئاینییەکان بۆ ئەوەی تێکەڵ بە خوێندکارو زانایان ببن و ژیانی سادەی ئەوان بژین.
پێویستە ئەوەشمان لەیاد نەچێت کە ئهو نائارامی و پشێوییە بەردەوامانەی لە کوردستان و بەتایبەت ناوچەی سلێمانی هەبوون، بەزۆری لە دوایینساڵەکانی دەسەڵاتی میرەکانی بابان، بێ گومان بوونەهۆی دروستبوونی نیگەرانی و زویربوونی بەشێك لە زانا و نووسەرانی کوردو نائومێدی زۆری لا دروست کردن و وایکرد کە هەندێکیان کۆچبکەن، گرنگترین ئەو هۆکارانەش کە پاڵنەر بوون بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەو هەڵبژاردنی نیشتمانێکیترو هیجرەتکردنی ئەو زانایانە:
(١) خراپی دۆخی ئابووری بەهۆی سەرقاڵبوونی دەسەڵاتداران بە شەڕەکانەوە کە خەزێنەی دەوڵەتی بەتاڵ کردبووەوەو خەڵکی لە کشتوکاڵ و بازرگانی و کارە سەرەکیەکانی ژیان دوور کەوتبونەوە، ئەوەش ژیان و گوزەرانی خەڵک بە گشتی و زانایانی بەتایبەت قورس و زەحمەتتر کردبوو.
(٢) ئەو ناکۆکیانەی کە لە نێوان تیرەو هۆزو بنەماڵەکاندا دروست بوبوو کە وایکردبوو بەهۆی لایەنگیریی هەندێکیان لەشازادەیەك و هەندێکیان لە شازادەیەکی تر خەڵکی لەرووی کۆمەڵایەتیەوە دابەش ببن بۆ چەند دەستەو گروپێکی جیاواز، ئەوەش بوبووە هۆی سەر هەڵدانی ناتەبایی و دووبەرەکی تەنانەت لە نێوان ئەندامانی یەك خێزاندا، بەو هۆیەوە هەرچی هەوڵ و تەقەللای زانایانە -کە تاکە چاکەخوازو داکۆکیکاربوون لە یەکڕیزی و برایەتی پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی- هەمووی بەفیڕۆچوون.
(٣) هەندێک لە زانایان، لەوانەش شێخ مەعروف، بەلەبەرچاوکرتنی بابەتگەلێکی وەك دەربڕینی خۆشەویستی و درێژکردنی دەستی کۆمەك و هاوکاری بۆ قوتابخانەو قوتابیەکانیان لەلایەن میرێك لەمیرەکانەوە، مەیلیان چووبێت بەلایداو پاڵپشتیی خۆیان بۆ دەربڕیبێت، ئەگەر بە دوعاکردنێکیش بوبێت بۆی، کە سەرەنجامەکەی هەستکردن بووە بەدڵەڕاوکێ و نائارامی لەکاتی شکست و کەوتنی و سەرکەوتنی میرێکی تردا .
(٤) ئەو سەردەمە سەردەمی شەڕی نێوان شازادە کێبڕکێکارەکان و پشتیوانەکانیان بوو لە تورک و فارس و کوردستان و بەتایبە سلێمانی ببوە مەیدانی یەکلاکردنەوەی ململانێکان، گومانیشی تێدا نییە هەرکات شەڕو ئاڵۆزی لە وڵاتدا هەڵدەگیرسێت، جوانیەکان دەشێوێنرێن و شەرەفمەندترین کەسەکانی ڕسوادەکرێن، پێوەرەکان تێکدەچن و خوڕەوشتە باشەکان لەدەستدەچن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێزو پێگەی زانایان لەلای میرەکانی بابان لەئاستێکی بەرزدابوو سەرەڕای جیاوازی بیروبۆچون و تێڕوانینەکانیان، لەکۆمەکی و درێژکردنی دەستی هاوکارییان بۆ قوتابخانە و خوێندکارو زانایان بەپێی توانا درێغییان نەدەکرد، بەڵام ئەوە بەس نەبوو؛ چونکە هەمیشە زانست و خوێندن پێویستی بەکەشێکی هێمن و ئارامە کە تیایدا گەشەبکات و زاناو ئەدیبان بە ئەستەم دەتوانن لەشوێن و جێگەیەك بمێننەوە کە دۆخی ئاڵۆزو نائارامبێت.
بۆیە لەبەر ئەو هۆکارانەی ئاماژەیان پێدرا هەندێک لە زانایانی کورد و بەتایبەت ناوچەکانی سلێمانی و شارەزوور، کۆچکردنیان هەڵبژاردو خاك و وڵاتیی خۆیان بەجێهێشت بەرەو ئیستەنبوڵ و شام و فەلەستین و حیجازو بەغداو وڵاتانی دیکەو لەوێ مانەوە تا کۆچی دواییان کرد، وەک سیبغتوڵڵای کوڕی ئەسعەد ئەفەندی حەیدەری و بێتوشی و مەلا جەرجیسی ئەربیلی و مفتی زەهاوی و مەولانا خالد و چەندینی دیکە. هەندێکشیان مانەوەو کۆچیان نەکرد، وەك شێخ مارفی نۆدێ و چەندین زانای خواناس و نیشتمان پەروەری دیکە (خوا لێیان خۆشبێت)، بەڵام بارو دۆخی ناهەمواری وڵات بێزارو شەکەت و ماندووی کردبوون و لەخراپترین بارو دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا ژیانیان دەگوزەراند[2].

1 گەشتەکەی ریج بۆ کوردستان، ل٦٣.

2 خال، الشیخ محمد: الشیخ معروف النودهي البرزنجي، چاپخانەی التمدن، بەغداد، ل٣٦.

**تەوەری سێیەم: کاریگەریی دۆخی سیاسی وکۆمەڵایەتی لەسەر شێخ مارفی نۆدێ لەڕوانگەی شیکاریکردنی نامەکەی بۆ سوڵتان سەلیم لەساڵی ١٧٩٠ز**

لەساڵی (١٧٩٠ز) شێخ مارفی نودێ (خوا لێی خۆشبێت) نامەیەکی نووسیوە بۆ (سوڵتان سەلیم) جێنشینی عوسمانی، کە قەسیدەیەکە پێکهاتووە لە (٨١) بەیتی شیعریی، بەشێوەی دەستنووس لەماڵی شێخ مەحمودی حەفید پارێزراوە تا ئەو کاتەی مامۆستا شێخ محمدی خاڵ بەڵێن بەشێخ مەحمود دەدات دەستنووس و ئاسەوارە زنستیەکانی شێخ مارفی باپیری کۆبکاتەوەو کتێبێك لەسەر ژیان و هەوڵە زانستیەکانی بنوسێت، هەر ئەوکاتە لەماڵی ئەوان ئەو نامەیەی دەست دەکەوێت کەلە کتێبەکەیدا بە ناوی (الشیخ معروف النودهي البرزنجي) دا بڵاوی کردووەتەوە.

وەك مامۆستا شێخ محمدی خاڵ ئاماژەی پێداوە لەدۆخێکی نائومێدی لەڕادەبەدەردا، شێخ مارف ئەو نامەیەی نووسیوە، بەتەواوی بێ هیوا بووە لە دۆخی سیاسی و حوکمڕانی کوردستان و ناوچەکە بەگشتی و سلێمانی بەتایبەتی، تیایدا گلەیی و گازندەیەکی زۆر دەکات لەدەست ستەم و گەندەڵی و نادادی کاربەدەستان کە کاریگەری زۆر خراپی لەسەر دۆخی ئاسایش و کۆمەڵایەتی و ئابووری خەڵکی ئەو سەردەمە بەجێهێشتبوو[1].

لەدووتوێی ئەو شاکارە شیعریە پڕ لەڕەوانبێژییەدا، شێخ مارف بەزمانێکی زۆر دانایانە دەیەوێت ئێش و ئازاری گەلی کورد بگەیەنێتە فەرمانڕەواو جێنشینی ئەو سەردەمەی عوسمانیەکان و سکاڵای ستەمی سەرکردەو چەوساندنەوەی کاربەدەست و تەماحی دەوڵەمەندەکان و ساویلکەیی زاناکان و خۆپەرستی رۆشنبیرەکانی بۆ بەرز دەکاتەوە.

شێخی نۆدێی لەسەر باسی ئەو دۆخە بەردەوام دەبێت و بێ هیوایی خۆی ناشارێتەوە لەدەست شەڕو ئاڵۆزی و نائارامی بەردەوام و دەستدرێژی و تاوانکاریی پیاوانی پۆلیس.

هەروەها داوا لەسوڵتان سەلیم دەکات کە دەربازیکات لەدەست ئەو دۆخە خراپ و پڕ لە ستەم و بێ سەروبەرەییەی بەسەر سلێمانی و دەوروبەری باڵی کێشاوە، لەشاری پیرۆزی مەککە یان قودس یان شام شوێنێکی بۆ دەستنیشان بکات کە هیجرەت بکات بۆی.

تحيات إجلال عن الحصر جَلَّتِ........................ أضاءت كشمس للقلوب تَجَلَّتِ
وأثنيةٌ في الخافقين تأرَّجَت.................................. كأوعية عن نافح المسك حُلت
إلى حضرة السلطان غرة دهره.............................. وراقي ذرا طود الكمال وعزة
وغوث بلاد المسلمين وغيثها............................... وناصر دين الله حامي الحقيقة
هو الملك المشغوف بالفتح والوغى.................... وساقي جيوش الكفر كأس المنية
وسلم مواليه وحرب عدوه.................................. (سليمٌ) سليمُ الصدر صافي السجية
أُحَصِّنُه بالله من شر حاسد....................... ومن مُدَلهِمات الخطوب المُلِمّة

سەرەتای دێڕە شیعریەکانی قەسیدەکە بە پێشەشکردنی سڵاو و ڕێزێکی زۆر دەستپێدەکات بۆ خەلیفەو پاش وەسف و ستایشێکی گەورەی بنەماڵەو فەرمانڕەوایانی عوسمانی، لەدێڕی شەشەمدا بەڕوونی ئاماژە بە ناوی سوڵتان سەلیم دەکات.

لەدێڕی یەکەم تا دێڕی (٣٩) پێشەکیەکی دوورو درێژە لە پێشکەشکردنی ڕێزو دوعاو سەلام و سوپاس و ستایش بە سوڵتان سەلیم و پاشان سوڵتان مستەفای باوکی و سوڵتان ئەحمەدی باپیری و سەرجەم سوڵتانەکانی دیکەی خەلافەتی عوسمانی، لەبەرامبەر تێکۆشان و گیان فیداییان دژی دوژمنانی بێ باوەڕ و بەتایبەت رۆمەکان و رزگارکردنی گەلانیان لەژێردەستەیی و کۆیلایەتی و چەوساندنەوەو گەیاندنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بە زۆربەی ناوچەکانی سەر زەوی، هەروەها رۆڵی گرنگیان لەدابینکردنی ئاسایش و ئارامی بۆ ماڵی خودا لەمەککەو مەدینەی پیرۆزو سەردانیکەرانیان لە تێکڕای شوێن و ناوچەکانی سەر زەویەوە.

ووالده السلطان ذو المجد(مصطفى)................ مآثرهُ لاحت كشمس الظهيرة
(وأحمد) سلطان الممالك جدهُ....................... وهازم جُند الكافرين بسَطوة
سقت سُحبُ الرضوان طيبَ ثراهما.................. كوطفاء في عهد الربيع استهلت
هنيئاً لكم يا آل عثمان، كُلّكُمْ....................... ملوكٌ كرامٌ أهل مجدٍ و نجدةٍ
ممالك إسلام بكم قد تمهَّدتْ............................ وأنتم ظهير الملة النبويةِ

ئەم بەشەی پێشووی نامەکەی شێخ مارف کە بەکورتی ئاماژمان پێدا، جێی باس و لێکۆڵنەوەی ئەم توێژینەوەمان نییە، بەڵکو بابەتی توێژینەوەکە لە دێڕی (٤٠)-ەمینی قەسیدەکەوە دەستپێدەکات، کەدەڵێت:

وبين يدي نجواك قَدَّمْتُ دَعوةً................. وأثنيةً تحكي أزاهيرَ رَبوة
وقد آن لي أني أبوحُ بحاجتي................. لعلَّك تَقْضيها وتكشفُ كُرْبَتي
وفي أربي سرّ يدق عن النُهى....................... هو القصدُ مِن إرسال هَذي القصيدة

لێرەوە شێخ مارف (خوا لێی رازیبێت) دوای ستایشێکی زۆری سوڵتان سەلیم و پاڕانەوەو دوعای سەلامەتی و سەرکەوتن بۆی لەخوا، دەست دەکات بەهۆنینەوەی مەبەستەکەی بەشێوەیەکی ئەدەبی کەم وێنە، ئەویش ئاشکراکردنی داواکاریەکەیەتی لەسوڵتان، بەڵام هەنگاو بەهەنگاو و پلە دوای پلە، سەرەتا بەوەی کە نارەحەتیەك هەیە وایلێدەکات ئەم نامەیە بنووسێت.

پاشان خۆشەویستی خۆی بۆ پێغەمبەری خودا دەردەبڕێت و دەڵێت هۆکاری ناردنی ئەم نامەیەم بۆ تۆ ئەوەیە کە من یەکێکم لە هەژارو موحتاجەکانی ئەو کەسەی کە قورئانی پیرۆزی بۆ هێناین لەگەڵ سوننەتەکانی:

وذلك أني مِن صعاليكِ آل مَن.................... على فترة جا بالكتاب وسنةِ

---

[1] هەمان سەرچاوە، ل٥٣.

ومن ظهرت آياته وتواترت...................... وسُنَّتُهُ الغراء خيرُ مَحَجَّة

کەواتە شێخ (خوا لێی رازی بێت) روو لەسوڵتان دەڵێت: منیش وەك تۆ شوێنکەوتووی ئەو ئاینە پیرۆزەم کە محمد (درودی خوای لەسەر) هێناویەتی و خزمەتکارێکی بەردەم دەرگای ئەو زاتە موبارەکەم.

بەم پێیە دەتوانین بڵێین شێخ مەبەستی ئەوەیە بەسوڵتان بڵێت: بۆیە ئەم نامەیەت دەنووسم لەبەر ئەوەی ئێوە خەلیفەی موسوڵمانان و جێنشینی ئەو پێغەمبەرە خۆشەویستەن و بەرپرسیارن لەکاروباری موسوڵمانان لەجیهان و بەتایبەت لەجێگایەکی وەك کوردستان کە لەژێر قەڵەمڕەوی خەلافەتی عوسمانیدایە، دەڵێت منیش شوێنکەوتەی ڕێبازە راستەکەی ئەو زاتە پاکەم و چ وەك باوەڕدارێك و چ وەك نەوەیەکی ئەو پێغەمبەرە، چ وەك زانایەك بەیانی حاڵی خۆم و نیشتمانەکەمت بۆ دەکەم.

دواتر وەك چۆن سەرەتای هەر دوعایەك وا پەسەندە بەسڵاوات لەسەر دیداری پێغەمبەر دەستپێبکات، شێخیش بە پێشکەشکردنی درودی خوا لەسەر پێغەمبەر وئالوبەیتی دەستپێدەکات و خۆشەویستی زۆریان بۆ دەردەبڕێت و دەڵێت: نەك هەر بەم وشانە، بەڵکو ئەگەر هەزار بەرگ کتێبیش بنووسم، کە پڕاوپڕبن لەپەخشان وهۆنراوەی پرشنگدار وەک مرواری، ناتوانم تەنها پوختەیەکیش لەسەر ستایشی ئەو زاتە تەواوبکەم:

ومن آله فرض على الناس حبهم................ عليه صلاة الله في كل لحظة
ولو أنني أَلَّفْتُ ألفَ مُجلدٍ...................... بِنثرٍ و نَظمٍ كالدُراري المُنيرة
لما كَمُلَتْ لي نَبْذَةٌ من ثَنائِهِ...................... فما بالُ ما أُملي وما بالُ مِدْحتي

لەپاش ئەم وتانەوە، شێخ (خوا لێی خۆشبێت) دەڵێت کە ئەو کوردەو لەنیشتیمانی کوردان هاتووەتە دونیاوەو هەر لەوێش گەورە بووەو پێگەیشتووە، بەڵام بێزاربوونی لە مانەوەی لەزێدی خۆی ناشارێتەوە بەهۆی ئەو هەموو نەهامەتی و ناخۆشیانەی تیایدا بەرقەرارە، کە بەو هۆیەوە هیچ جۆرێك لە خۆشی و شادی و ئارامی و ئاسوودەیی تیانەماوە، کەواتە لێرەوە دەیەوێت ئەو هۆکارانە روون بکاتەوە کە بوونەتە پاڵنەری بۆ پێشکەشکردنی داوایەکی لەوجۆرە کەهێشتا بەشێوەیەکی راستەوخۆ ئاماژەی پێنەدانەوە.

ومَسقط رأسي أرض كردٍ ورَبْعُها.............. وَقد كانَ منها نشأتي ثم نشوتي
ولكنني قد عِفتُ فيها إقامةً..................... فأنىَّ عَفَت فيها رسومُ مُسرَّتي
ولم يبقَ مِن روحٍ وصَفوٍ وراحةٍ................ بأوطانِ كُردٍ أو سُرورٍ وبَهجة

شێخ (خوا لێی رازیبێت) بەردەوام دەبێت لەسەر باسی نیشتیمانەکەی و دەڵێت: ئەو نیشتیمانە بووەتە شوێنێك کە هیچ کەس ناتوانێ بە ئاسوودەیی تیایدا بژی، تەنانەت ئەگەر بیەوێ پەنابەرێتەبەر ژیان لەجێگەیەکی بەرزو دوورە دەست.

هەروەها دەڵێت: قۆچی شەیتانەکان لەم نیشتیمانەدا سەری دەرکردووە وەك ئاماژەیەك بۆ زۆری و بەربڵاوی ناکۆکی و شەڕو پلانگێڕی و بەردەوامیی ئەو دۆخە خراپەو نەبڕانەوەی.

مرابع لا يحلو بها عيشُ قاطِنٍ................ وَلوْ أنَّه يأوى إلى رأسِ قُلَّةِ
بلاد بها قرنُ الشياطينِ طالِعٌ..................... وكم فِتْيةٌ فيها مُساعُر فِتْنَة

لێرەوە دێتەسەر باسی پەرەسەندنی زوڵم و ستەمی پیاوانی پۆلیس و کاربەدەستانی دەوڵەت و سنور بەزاندنیان و پێشلکردنی مافەکانی خەڵکی، لەکاتێکدا وا پێویست بوو ئەوان پارێزەری ماف و ئابڕوی خەڵکبن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گەندەڵی و لادان و ستەم لەترۆپکدا بووە، چونکە هەمیشە پۆلیس و کاربەدەستان کاریان بریتیە لەجێبەجێکردنی یاساو پاراستنی مافەکان و سنووردانان بۆ دەستدرێژیکەران، بەڵام کاتێك ئەوان لەیاسا دەردەچن و خۆیان سنوورەکان دەبەزێنن ئیتر هیچ مانایەك بۆ ژیان و رێزو کەرامەتی مرۆڤ لەو جێگەو سەردەمە نامێنێت کە ئەو لەیاسا دەرچوونەی تیا دەگوزەرێت.

وكم بدعٌ فيها فَشَتْ ومَحارمٌ.................. قد انتُهِكَتْ مِن أهلِ بَغيٍ وَشُرطةِ

ئینجا لەربارەی سەرکردەو گەورە پیاو و قسەڕۆشتووانەوە لێکچواندنێکی سەرسوڕهێنەر بەکاردەهێنێت و بەشێوەیەك بێهیوایی خۆی بەرامبەریان دەردەبڕێت کە ئومێدو هیوا پێیان دەچوێنێت بە چاوەڕوانیی بارانێکی بەخوڕ لەهەورێکی بێ باران، یان خواردنەوە لەمیراجێك کە تینویەك لەسەر زەویەکی تەخت دێتە بەرچاوی، وەك دەفەرموێت:

وآمِلُ فَيْضٍ مِن جَهامِ سُراتِها..................... كراجي شرابٍ مِن سَرابٍ بِقيعة
ففيها لأربابِ البَصائرِ عِبرةٌ...................... وقد حقَّ أن يُبكى عليها بعَبرة

بێ ئومێدی شێخ مارف (خوا لێی خۆشبێت) لەنیشتمانەکەی گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە پانتایی و بەرینیەکەی بۆ ئەو وا بەرتەسك بووەتەوە کە ناتوانێت خۆی تێدا بگرێت، وەك چۆن دونیایەکی فراوان لەچاوی کەسێکی کارەساتباردا بچووك دەبێتەوەو پێی وایە ئەو هەتا لەو جێگەیە بمێنێتەوە خەمەکانی قوڵتر دەبنەوەو روبەڕووی ئێش و ئازارو ناڕەحەتی زیاتر دەبێتەوە.

فأكنافها ضاقت عليّ برحبها...................... يضيقُ على اللهفانِ وجهُ البَسيطة
فما دمتُ فيها لا أزالُ مُكابدًا.................... تفاقُمَ أشجانٍ وكثرةَ حَسْرةِ

شێخ (خوا لێی خۆشبێت) لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا دێتەسەر باسی دۆخ و گوزەرانیان کەچۆن لەباشەوە گۆڕاوە بۆ خراپ وەك ڕەشهەڵگەرانی سەوزایی و کارو کردەوەکانی خەڵکی بەئاستێك تێکچووە وەك ئەژدیها بووەتە مەترسی لەسەریان.

هەروەها لەسەر ئەم باسە بەردەوامەو دەڵێت: خۆزگە تەنها یەك بەڵاو ناخۆشی بوایە، بەڵکو من سەبرێکی زۆرم گرتووە لەسەر ئەو بەڵاو نەهامەتیانەی ئەوەندە زۆربوون کەبەدرێژایی چەندین نەوەو سەردەمی جیاواز بەردەوامن.

وأحوالنا أحوى لنا إذ تغيَّرتْ..................... وأفعالُنا أفعى لَنا بالضَّرورة
ورُبَّ عَنًا عانيتُهُ ومُلِمَّة.......................... وكم غِيَرٍ عانَيْتُ شَيَّبْنَ لَمَتي
فآونة أسعى وأركَدُ تارة.......................... وطورًا إلى خفضٍ وطورًا لِرِفْعَة

شێخ مارف (خوا لێی خۆشبێت) یەکێك بووە لەو زاناو رۆشنبیرە پایەدارانەی کە تا کاتی وەفاتی نەیتوانی خاك و وڵات و گەلەکەی بەتەنها جێ بهێڵێ، سەرەڕای ئەو هەموو نەهامەتیانەی بەچاوی خۆی بینویەتی و لەگەڵیدا ژیاوە، سەرباری ئەو ئێش و ژانە بەسۆیەی بەو هۆیەوە لەژیاندا چەشتوویەتی بەردەوام بەئازاریەوە تلاوەتەوە، لەکاتێکدا بەشێکی زۆر لەزانایانی پێش خۆی و سەردەمی خۆی بەهەمان هۆکار ناچاربوون زێدی خۆیان جێ بهێڵن و رووبکەنە شام و حیجازو ئیستەنبوڵ و فەلەستین و چەندین جێگەو شوێنی تر.

ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە پلەو پێگەی زانایانی کورد لەناو گەل و وڵاتی خۆیان لەئاستی پێویستدا نەبووەو قەدرو ڕێزیان لەئاستی داواکراودا نەبووە، بەهۆی شەڕو ئاڵۆزی و ناجێگریی دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە، هیچ کات گوێ بۆ هەوڵی ئاشتي خوازانەیان نەگیراوەو داوای چاکسازی و پاکسازی و دادپەروەرییان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بەهەند وەرنەگیراوە.

لەم بەشەی نامەکەدا شێخ (خوا لێی خۆشبێت) ئاماژە بەوە دەکات کە هاوەڵانی لەزاناو پیاوچاکان زۆربەیان هیجرەتیان کردووەو بەجێیانهێشتووە[1]، ئەمیش لەتاریکیدا هیواش هێواش بەدوایاندا دەڕوات، بەڵام هەورازو نشێوی زۆرو چەتەو ڕێگر دێتەڕێی کە مەبەست لێی ئەو کێشانەیە کەدەبنە بەربەست لەبەردەم گەیشتنەوەی بەهاوەڵەکانی، بۆیە ژیان و مانەوەی لەجێگەو شوێنی خۆی دەشوبهێنێ بە کەسێك کە پاش تەیکردنی دەریایەکی بێ کۆتا لەناو کەشتیەکدا، شەپۆلە توندەکان کەشتیەکەی تێکیدەشکێنن و بەتەنها لەسەر پارچەیەکی کەشتیەکە لەناو دەریا دەمێنێتەوەو بێ چارە شەپۆلەکان بە هەموو لایەکدا دەیجوڵێنن، واتە کاروبارەکانی ژیانی لەدەست خۆیدا نەماوەو روداوو پێشهاتە نەزانراوەکان چارەنووسێکی نادیاریان بۆ خولڦاندووە:

تَخَلَّفت عن صَحبي وأمشي وراءهم.......... على مَهَل من بعد إدلاجِ رِفقتي
وكم قاطعي درب بسُمرٍ وبارقٍ............... وكم حالَ دوني من مسالكَ وَعرة
فصرت وحالي فوق ما قد بَثَثْتُهُ ............... كمن خاض بحرًا راكبا في سفينة
فهاج بها أمواجهُ فَتَصدَّعتْ.................... وظَلَّ فريدا فوقَ لوحٍ بلُجَّة

دووبارە شێخ (خوا لێی خۆشبێت) جەخت لەسەر نالەباری و نائارامی نیشتمانی کورد دەکاتەوەو وەك خراپترین جێگەی سەر زەوی وێنای دەکات بەهۆی زاڵبوونی گەندەڵی و نادادی تیایدا، ئینجا ئاواتی ئەوە دەخوازێت کەئەو نیشتمانە خۆزگە هەر بیابانێکی وشك بووایەو مرۆڤ تەنانەت بۆ شەوێکیش تیایدا نەمایەتەوە، کە بێگومان ئەو بارودۆخە نالەبارو ناهەموارە تائەم سەردەمەش درێژەی هەیەو دووبارە دەبێتەوە هەر دەڵێی باسی رۆژگاری ئەمڕۆمان بۆ دەکات کە گەنج و لاوانی نیشتمانی کورد لەدەست ستەم و نادادی و گەندەڵی رێی دەریای پڕ مەترسی دەگرنەبەر بۆ دەربازبوون لەم دۆخە سەپێنراوە:

وليس بأرض الله مثلُ بلادنا.................... فسادًا وضيما، فهي أفظعُ بُقعة
فياليتها أضحت بلاقع، لم يَبِت................ بها أحدٌ من أهل بدوٍ وبَلدة

بەم شێوەیە شێخ مارف (خوا لێی خۆشبێت) دەیەوێت بیسەلمێنێت کە هەموو ئەو نەهامەتی و ناسەقامگیری و ستەم و نادادیە هۆکاربوون بۆ ئەوەی چ خۆی چ زانایان و گەورەپیاوانی دیکەی کوردی خاوەن هزرو بلیمەت زێدو نیشتمانی خۆیان جێبهێڵن و هیجرەتی لێبکەن، ئەو کارەش بە هیجرەت لەپێناو رزگارکردنی عەقیدەو بیروباوەڕ لەفیتنەو گەیشتن بەژیانێکی شەرەفمەندانە لەقەڵەم دەدات نەك بۆ دەستکەوت رابواردن و خۆش گوزەرانی[2]:

وقد وجبت عينًا على علمائها................. وساداتِها أهلِ النُّهى والرعية
مُهاجَرَةٌ عنها، فإن جلاءهم.................... فرارٌ بدين مــن غوائل فتنة

لەبەشێکیتری نامەکەیدا شێخ عەزم و جەزمی لەسەر بڕیاری کۆچکردن بەخۆی و منداڵ و خێزانیەوە دووپات دەکاتەوەو ئاشکرای دەکات کە نیازی وایە رووبکاتە (شام و فەلەستین و مەککەی پیرۆز)[3] بەهۆی فەزڵ و پیرۆزیی و بەرەکەتی ئەو جێگایانە کە جێ نزڵگەی پێغەمبەرانن و دوورییان لەفیتنەو ئاشوب و نادادیەوە.

وَ لِيَ بُرهةٌ أزمعت غير مُناكثٍ................ رَحيلاً ولو حَبْوًا بأهلي وصِبْيَتي
وأمنيتي بل نيتي ظعن إلى..................... مُهاجَرِ إبراهيم قبل مَنِيَّتي
فقد وردت فيه أحاديثَ جَمَّةٌ............... وكم بركاتٍ فيه فاضت جديلة

پاشان ئەو بەربەستانە دەخاتەڕوو کە بوونەتە لەمپەرێکی گەورە لەبەردەم هاتنەدی هیواو ئامانجەکەی کە هیجرەتە بەرەو نیشتمانی پێغەمبەران (درودو سەلامی خوایان لەسەر) و ناهێڵن ئەو ئاواتەی بەئاسانی بەدی بهێنێت، ئەویش بریتیە لە هەژاری و نەبوونی سامانێکی وا کەپێویستیەکانی ئەو سەفەرەی پێ دابین بکات، لەبەر قورسی خەرجیەکەی، وەك ئاماژەی پێدەدا خاوەنی خێزان و چەند منداڵێکە کە ئەوانیش ئەنجامدانی مەبەستەکەی قورسدەکەن.

هەروەها دەتوانین ئەم وتانەی وا لێکبدەینەوە کەمەست لێی ئەوەیە ناتوانێت نەوەکانی جێبهێڵێت و بەتەنها کۆچ بکات، چونکە ئەگەر ئەوەی بکردایە ئەوکات کۆچکردن بۆ ئەو بەتەنها ئاسانتربوو وەك لەوەی خێزان و چەند منداڵێکیشی لەگەڵدابێت.

ولكنني قد ثَبَّطَتْني عوائق..................... وأعوزني أسبابَ ظَعنٍ ورِحلة
وكيف على الأسفار يقدر من لــه.......... عيالٌ وقد أعياهُ أعباءُ عَيلة

---

1 لەو زاناو ئەدیبە گەورەو ناودارانەی کورد کە هیجرەتیان کردووە بەرەو ئیستەنبوڵ و شام و حیجاز و هیند و وڵانی دیکە لەسەردەمی شێخ مارف: (سیبغەتوڵای حەیدەری کوڕی ئەسعەد ئەفەندی، بێتوشی، مەلا جەرجیسی ئەربلی، موفتی محەمەد فەیزی زەهاوی، نالی و مەولانا خالیدو چەندینی دیکە).

2 پێشەوا شافیعي دەفەرموێت: "سوننەتی پێغەمبەر -درودی خوای لەسەر- چەسپاوە لەسەر پێویستی کۆچکردن بۆ کەسێك لەتوانایدابێت و لە ترسی لەدەستدانی ئایینەکەی کۆچبکات بۆ وڵاتێك کە دڵنیابێت ئاینەکەی تیایدا پارێزراوە". بڕوانە: کتێبی الأم، ١٦٩/٤.

3 "مهاجر إبراهيم" مەبەست لێی (شام و فەلەستین و مەککە)یە، ئەو جێگایانەی پێغەمبەر ئیبراهیم (سەلامەی خوای لەسەر) تیادا ماوەتەوە.

جارێکیتر شێخ (خوا لێی خۆشبێت) ناراستەوخۆ داوا لەسوڵتان دەکات دەربازیکات لەو مەینەتی و ناهەمواریەی دووچاری هاتووەو شەوق و تامەزرۆیی بۆ کۆچکردن بەرەو قودسی پیرۆز (ئیلیاء) دووپات دەکاتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی دڵنیایە لەڕێزو حورمەتی سوڵتان بۆ پلەو پێگەی زانایان بەگشتی.

لەمەوە دەتوانین بڵێین، شێخ مارف (خوا لێی خۆشبێت) بەدڵنیایی مەبەستی لەکۆچکردن بەدەستهێنانی پلەو پایەو مەبەستێکی دونیایی نەبووە، بەبەڵگەی ئەوەی کە بەهیچ شێوەیەك ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ داوای لەسوڵتان نەکردووەتەوە کە بیگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی دیکەی وەك (ئیستەنبوڵ) کە مەرکەزی خەلافەت بووە، یان (بەغدا) کە پایتەختی ویلایەت بووە لەو سەردەمەدا، بەڵکو ئەو تەئکیدی کردووەتەوە لەسەر دەستنیشانکردنی شوێنە پیرۆزەکان.

ولو تاح لي يومًا ثَواءٌ بإيليــا................. فأقصى مُنى قلبي وغاية بُغيتي
ومن لي بأن أحظى ببيت مقدس........... وأنجو من دار الهوان ومحنة

پاشان ڕووی داواکەی ڕاستەوخۆ دەکاتە سوڵتان و بەڕوونی ناوی ئەو شوێنانە دەستنیشان دەکات کە حەز دەکات خەلیفەی موسوڵمانان کەرەم بکات و هاوکاری بکات کە خۆی و سەرجەم ئەندامانی خانەوادەکەی بۆ ئەوێ بگوازێتەوە، کە بریتین لە شام یان قودسی پیرۆز.

هەروەها لێرەدا شێخ لەگەڵ داوای ئامادەکردن و ئاسانکردنی پێویستیەکانی سەفەرەکەی، داوای دابینکردنی ژیانێکی ئاسایی و مووچەیەکی کەم دەکات لە خەلیفەی موسوڵمانان کە بتوانێت لەو جێگەیە ژیانی خۆی و خانەوادەکەی پێ بگوزەرێنێت.

يسيرٌ على السلطان إن كان يعتني.......... بشأنيَ إنجاحي وإنجاز مُنيَتي
وتجهيزُ تَرحالي وأقطاع عُلْقة................. لأهلي بشام أو بقدس وبُلْغَة
ومن ذا الذي قد جاءهُ وهو آمل........... لديه عطاءً ثم آب بخيبة

دواجار لەکۆتایی نامەکەیدا شێخ مارف (خوا لێی خۆشبێت) سوێندی خەلیفەی موسوڵمانان دەدات بەوەی کە بەهانایەوە بێت و خەم و ئازارەکانی کۆتایي پێبێنێت، ئەویش بەئاسانکردنی سەفەرەکەی بۆ قودسی پیرۆز، چونکە دڵنیایە لەوێ دەتوانێت دین و بیروباوەڕەکەی بپارێزێت و خزمەتێکی باشتر بەزانست و ئاینەکەی پێشکەش بکات.

فبالله يا سلطانَ أهلِ زمانه................... أغثني وأدركني بتفريج غُمتي
وخذ بيدي للقدس، لازلت فائزًا............. بإسعاف آمال وأرغد عيشة
أُصلّي على خيرِ الأنام وآله....................... وأصحابه في بكرة وعشية

لەوتەکانی شێخ محمدی خاڵەوە دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەم نامەیە نەگەیشتووە بە دەستی سوڵتان سەلیم، لەبەر ئەوەی هیچ وەڵامێکی سوڵتان بۆ نامەکەی شێخ ئاسەواری نییەو لەهیچ سەرچاوەیەکەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ نەکراوە، بەڵگەش بۆ ئەمە:

١- مانەوەی نامەکە بەدەستنووس لەماڵی شێخ مەحموود تا ئەو سەردەمەی دەگات بە شێخ محمدی خاڵ.

٢- ئاشکرا نەبوون و دەرنەکەوتنی وێنەیەکی دیکەی ئەو نامەیە لەهیچ سەرچاوەو شوێنێکی دیکەوە.

٣- کۆچ نەکردنی شێخ بۆ هیچ شوێنێکی دیکەو مانەوەی لەزێدی خۆی تا کاتی وەفاتی و بەخاك سپاردنی لەشاری سلێمانی لەسەر ئەو گردەی دواتر هەر بەناوی خۆیەوە ناونرا (گردی شێخ مارف).

٤- ئەگەر وەڵامی سوڵتان بگەیشتایە بەدەست شێخ مارف، بێگومان لەلایەن خۆی و دواتر نەوەکانی و بنەماڵەکەیەوە بەجوانی دەپارێزرا لەگەڵ نامەکەی خۆی و دواتریش ئاشکرا دەبوو.

هۆکاری ئەمەش لەچەند حاڵەتێك بەدەر نییە: ئەویش ئەوەیە یان شێخ دڵنیا نەبووە لەگەیشتنی نامەکەی بەدەستی سوڵتان لەڕێیەکی ئەمین و پارێزراوەوە.

یاخود ئەم نامەیە لەژێر کاریگەریی عاتیفی و توڕەیی و هەڵچوونێکی کاتیی نووسیوەتی و دواتر کە دۆخی ئارام بووەتەوە، پەشیمان بووەتەوە لەناردنی و بڕیاری داوە لەزێدی خۆی بمێنێتەوەو کۆچ نەکات بۆ هیچ جێگەو شوێنێکی دیکەو تا کاتی وەفاتی خزمەت بەگەل و نیشتیمانەکەی خۆی بکات، هەروەها سەرقاڵی کاری چاکسازیی خۆی بێت لەڕووی خزمەتی زانست و ئایین و تێگەیاندن و پێگەیاندنی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەی و نووسین و دانانەوە[1].

ئەگەرچی وەك مامۆستا شێخ محمدی خاڵ ئاماژەی بەوەداوە بۆچوونێکی فەردیی هەیە کە پێیوایە نامەکە گەیشتووە بەدەستی سوڵتان سەلیم و ئەویش وەڵامیداوەتەوەو لەوەڵامدا فەرمانی پێکردووە لەکوردستان بمێنێتەوە، بەڵام مامۆستا خۆی ئەم بۆچوونە ڕەتدەکاتەوەو پێیوایە دروست نییە لەبەر ئەوەی ئەگەر وەڵامێکی لەو شێوەیە بگەیشتایە بەدەستی شێخ مارف ئەوە بەدڵنیاییەوە لەچوارچێوەیەکی زێڕیندا خۆی و نەوەکانی دەیانپاراست[2].

بێگومان بەبۆچوونی ئێمە هەر لەڕووی لۆجیکیشەوە ئەم هۆکارە زیاتر پەسەندو گونجاوە، لەبەر ئەوەی واقیعی حاڵ هەر ئەم خوێندنەوەیە هەڵدەگرێت و هەم لەهیچ سەرچاوەیەکی دیکەوە شتێکی پێچەوانەی ئەم بۆچوونە ئاماژەی پێنەدراوە.

یان ڕەنگە شێخ ویستبێتی بەرجەستەی دۆخی ئاڵۆزی سیاسی و حوکمڕانی ئەو سەردەمە لەم ناوچەیە وەك شاعیرێك بەشێوەیەکی ئەدەبی لەم نامەیەدا بنەخشێنێت کەلەدوای خۆی وەك بەڵگەنامەیەکی مێژوویی بمێنێتەوە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەم قەسیدەیەی شێخ مارف بۆ سوڵتان سەلیم ئەگەر تەنها وەك تۆمارکردنی دەردەدڵێکیش لێکی بدەینەوە، ئەوا خۆی لەخۆیدا بووەبە تۆمارێکی مێژوویی گرنگ لەتۆمارە هەرە باوەڕپێکراوەکان دەربارەی مێژووی کوردو کوردستان لەسەردەم و قۆناغێکی

1 الشيخ معروف النودهي البرزنجي، ل٥٣.
2 الشيخ معروف النودهي البرزنجي، ل٥٩-٦٠.

دیاریکراودا، بەتایبەت لەڕووی ئاماژە گرنگەکانی بە شەڕو ئاڵۆزیی بەردەوام و نەهامەتی و مەینەتییە نەبڕاوەکانی گەلی کورد کە لەسەرچاوە مێژووییەکانیش بەئاشکرا پشتڕاست کراوەتەوە.

هەرچەند مامۆستا شێخ محمدی خاڵ بۆچوونی وایە هۆکاری ئەم شەکواو گلەییە زۆرەی شێخ مارف لەگەل و نیشتمانەکەی و نارازیبوونی لەدۆخی نالەباری وڵاتەکەی کە لەم نامەیەیدا بۆ سوڵتان سەلیم باسیکردووە دەگەڕێتەوە بۆلایەنی سۆزداری و کەنارگیری و تێکەڵنەبوونی بەخەڵکی بەهۆی سەرقاڵبوونی بە خزمەتی زانست و خوێندن و نووسین و قووڵبوونەوەی لەجیهانی شیعرو ئەدەب لەلایەك و لەلایەکی دیکەشەوە بێ ئاگایی شێخ لەمێژووی ئیسلامی بەتایبەت لەکۆتاییەکانی خەلافەتی راشیدینەوە تا سەردەمی خۆی کە جیهانی ئیسلامی لەهەموو سەردەم و ناوچەکانیدا بەردەوام ناڵاندوویەتی بەدەست شەڕو ئاڵۆزی و دووبەرەکی و کوشتارو تاڵانی و گەندەڵی و ئەو فیتنەو ئاشوبانەی هەمیشە دوژمان و دوڕووەکان هەڵیان گیرساندووە کەوەك شێخ محمدی خاڵ دەڵێت ئەو دۆخە ئاڵۆزو نەخوازراوەی لەکوردستان گوزەراوە دڵۆپێکیش نییە لەچاو ئەو دەریایە لەئاڵۆزی سیاسیی و نائارامی حوکمڕانی لەمێژووی وڵاتانی ئیسلامیدا کەئەگەر بێت و شێخ مارف لەو مێژووە ئاگادار بووایەو بەراوردێکی کەمی بکردایە ئەوا هەرگیز ئەوەندە بەتوندی و بەراشکاوی گلەیی و نارەزایی لەدۆخی سەردەمی خۆی دەرنەدەبڕی جیاواز لەزانایانی دیکەی وەك بێتووشی و سیبغەتوڵای حەیدەریی و مەولانا خالید و موفتی زەهاوی کە هەمیشە بەشان و باڵی نەتەوەی کورددا هەڵیانناوە[1]!

بەڵام لەڕاستیدا ناکرێت ئەم بۆچوونەی شێخ محمدی خاڵ بەرەهایی وەربگیرێت، چونکە لەلایەك شێخ مەعروف (خوا لێی خۆشبێت) ئەوەندە کەسێکی بێ ئاگا نەبووە لە مێژووی ئیسلامی بەڵکو ئەو کەسێکی خوێندەوارو زانست خواز بووەو ئەگەرچی زیاتر بەلای ئەدەبدا رۆشتووە، بەڵام بێگومان ئەدەبی ئیسلامیش بەدەرنەبووە لەتۆمارکردنی روداوە مێژوویەکان و هەم شێخ مارفیش کەسێکی دڵسۆزو بەئەمەك بووە بۆ گەل و نەتەوەکەی و وڵات و نیشتمانەکەی خۆی زۆر خۆش ویستووە هەر ئەوەش وای لێکردووە کە هەرگیز نەتوانێت دەستبەرداری بێت و جێی بهێڵێت، لەکاتێکدا زانایانی دیکە کە نیشتمانی خۆیان جێ هێشتووە غەریبیان کردووەو سۆزو ئەشکی دوورییان بۆ ڕشتووە.

لەلایەکی دیکەشەوە کاتێك بەراوردی دۆخی کوردستان دەکەین بەهەر ناوچەو سەردەمێکی دیکەی جیهانی ئیسلامی زۆر بەڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە سەرەڕای ئەو هەموو شەڕو فیتنەوە دووبەرەکیەی لەکۆتاییەکانی خەلافەتی راشیدینەوە سەری هەڵداوە بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئەو دۆخە خراپانە نەبوونەتە بەربەست لەبەردەم حاکم و کاربەدەستی موسوڵمانان بۆ هاندانی پێشکەوتن و برەودان بەگەشەسەندنی شارستانیەتی ئیسلامی و تەماشای هەر بەش و ناوچەیەکی ژێر قەڵەمڕەوی خیلافەتی ئیسلامی دەکەین -جگە لەکوردستان- چەندین شوێنەواری گەشەسەندن و پێشکەوتن لەڕووی هونەری تەلارسازی و نەخش و نیگارو ئاوەدانی و پاشماوەی ئەدەبی و کلتوری ئیسلامی دەبینین هەر لە ئەندەلوسەوە تا شام و حیجازو هیندو وڵاتانی بەڵقان و سنورەکانی ئەوروپا کە تائێستاش چەندین شوێنەوار ماونەتەوەو بەڵگەو گەواهیدەری ئەو راستیەن.

لەکاتێکدا کوردستان هەمیشە بەدەست دووبەرەکی و چەوساندنەوەو زاڵبوونی عەقڵیەتی خێڵەکی و نۆکەریی بێگانەو چاوساغیی دوژمنانەوە ناڵاندویەتی و بەردەوام هەر تیرەو هۆز یان میرو بەگێك بەپشت بەستن بەهێزی بێگانە هێرشیان کردووەو دەسەڵاتیان گرتووەتە دەست و پاش ماوەیەکی کەم لایەنی بەرامبەر بەپەنابردن بۆ هێزێکی دیکەی بێگانە هاتوونەتەوەو دەسەڵاتیان گرتووەتەوە دەست و تۆڵەی خۆیان بەزیادەوە کردووەتەوە، بۆیە هەرچەند دەگەڕێین بەڵگەنامەیەکمان دەست ناکەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە میرو حوکمڕانانی کورد بەئاشتی و رێککەوتن و لێکتێکەیشتن بۆ ماوەیەکی درێژ کەجێی باس بێت پێکەوە هەڵیانکردبێت و وڵاتیان بەڕێوەبردبێت، ئەمانەش هەمووی هۆکاربوون بۆ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی شارستانی و بیناسازی و ئاوەدانی ئەوتۆ بۆ نەوەی دوای خۆیان جێنەهێڵن کەبەڵگەی پێشکەوتن و گەشەسەندنیان بێت جگە لەو پاشماوە ئەدەبی و زانستیانەی کە زانایانی کورد لەدوای خۆیان جێیان هێشتووە.

بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم شاکارەی شێخ مارف هیچ زیادەڕەوی و ناڕاستیەکی تێدا نییەو هەموو گلەیی و گازندەکانی لەجێی خۆی بوون و مێژووش شاهیدی راستی و دروستی بۆ دەدات، ئەوەش هەمووی لەڕووی دڵسۆزی و خەمخۆری و خۆشەویستیەوە بووە بۆ گەل و نیشتمانەکەی کە ئاواتی بووە لەئارامی و ئاسایش و خۆش گوزەراني و گەشەسەندن و بەرەو پێش چووندابێت، ئەو ناکۆکی و دووبەرەکی و شەڕو فیتنەوە ئاڵۆزیانەش کە ئاماژەیان پێدەکات بەتێکڕا بوونەتە زامێکی بەسۆو برینێکی قووڵی لەناخیدا دروستکردووە.

شایانی ئاماژەپێدانە کە جارێکی دیکەو دوای بیست و چوار ساڵ لەنووسینی ئەو نامەیە، شێخ مارف نامەیەکیتر دەنوسێت بۆ داود پاشای والی بەغداد بەهەمان واتاو ناوەڕۆك لەڕووی داواکاری و گازندە لەدەستی ناکۆکی و دوبەرەکی و شەڕو ئاڵۆزی، ئەویش بەزمانی فارسی وەڵامی نامەکەی دەداتەوەو بەڵێنی پێدەدات داواکاریەکانی بۆ جێبەجێی بکات و سەرپشکی دەکات لەهەڵبژاردنی شارەکانی (هەولێرو کەرکوك وبەغداد) بۆ ژیان و مانەوەو تیایدا وەك دەربڕینی ڕێزو خۆشەویستی بۆی لە وەڵامەکەیدا ئەم دێڕە شیعرەی بۆ دەنووسێت کەدەڵێت:

یا ضیفنا لو زرتنا لوجدتنا...................... نحن الضیوف وأنت ربُّ المنزلِ[2]

بەڵام دیسانەوە شێخ (خوا لێی خۆشبێت) کۆچکردن رەتدەکاتەوەو ناتوانێت زێدی خۆی جێبهێڵێت، ئەمەش بەبۆچوونی مامۆستا شێخ محمدی خاڵ بەڵگەیە لەسەر تێرامان و دوودڵی و سوورنەبوونی لەسەر هەڵوێست و بۆچوونەکانی لەوبارەیەوە[3].

بەبۆچوونی ئێمەش ئەو هەڵوێستەی شێخ مارف بەڵگەی روون و ئاشکرایە لەسەر چەسپاوی و پەیوەستیی بەخاك و نیشتمان و نەتەوەی کوردەوە سەرەڕای ئەو هەموو گلەیی و نارەزایەتیەی هەیبوو لەسەر دۆخی خراپی ناوچەکە بەڵام ئامادەنەبوو دەستبەرداری بێت و بەجێی بهێڵێت.

---

1 الشيخ معروف النودهي البرزنجي، ل٦٠.

2 خاوەنی ئەم هۆنراوەیە (حسین کوری حەمدانی خەسیبی)یە کە ساڵی (٣٥٨ك- ٩٦٩ز)کۆچی دوایی کردووە، سەرکردەی عەلەویەکان بووە لە سەردەمی خەلافەتی عەبباسی. الزركلي: الأعلام، دار العلم للملايين، چاپی١٥، ٢٠٠٢، ٢/ ٢٣٦.

3 الشيخ معروف النودهي البرزنجي، ل٦٠.

ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە شێخ ئەو داواکاری و ناڕەزایەتیانەی بۆ خەلیفەو والی بەرزی کردوونەتەوە لەپێناو خۆدەربازکردن و دوورکەوتنەوە نەبووە لەنەهامەتیەکانی گەل و نیشتمانەکەی، بەڵکو لەپێناو ئەوەبووە کە حوکمڕانانی خەلافەتی عوسمانی و کاربەدەستان ئاگاداربکاتەوەو ناڕاستەوخۆ داوایان لێبکات ئاگاداری دۆخی وڵاتەکەیین و کاربکەن بۆ روبەڕوبوونەوەی زوڵم و زۆرو گەندەڵی و ناعەدالەتی.

بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێت کە کاریگەری دۆخی خراپی ئاسایشی سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بەربڵاوی گەندەڵی و نادادی ئەوسەردەمە لەڕووی عاتیفی و هەستی ئایندۆستی و گەل و نیشتمان پەروەرییەوە کاریگەری زۆری لەسەر شێخ مارف بەجێ هێشتبوو و ئێش و ئازارێکی زۆری لەسەر دڵی دروستکردبوو هەمیشە بەو سۆی ئەو ئازارانەوە دەتلایەوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك کاریگەری لەسەری دروستنەکردووە لەڕووی وابەستەیی بەخاك و نەتەوەی کوردو خزمەتی زانست و ئاینەکەی لەو ناوچەیەو هەمیشە لەخەمی پێگەیاندنی زاناو فێرخوازان و بڵاوکردنەوەی زانست و رۆشنبیریدابووە.

هەروەها ئەو نامەو نوسراوانەی لەم چوارچێوەیەدا نوسیونی دەچنە خانەی بنەمای شەرعیی فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە (الأمر بالمعروف والنهي عن المنكر) و لەسنوری دەسەڵات و تایبەتمەندی خۆیدا وەك زاناو چاکسازێك لەڕێی پێشکەشکردنی وانەی زانستی و ئەدەبی و رۆشنبیری و وتاری ئاینی و ئامۆژگاری خەڵك و بەرزکردنەوەی نامەی داواکاری بۆ کاربەدەستانەوە کاری کردووەو لەپێناو نەهێشتنی ناکۆکی و دووبەرەکی و روبەڕوبوونەوەی ستەم و گەندەڵی و نادادی.

### دەقی قەسیدە (نامە)کە[1]

1) تحيات إجلال عن الحصر جَلَّتِ............................ أضاءت كشمس للقلوب تَجَلَّتِ
2) وأثنيةٌ في الخافقين تأرَّجَت.............................. كأوعية عن نافح المسك حُلت
3) إلى حضرة السلطان غرة دهره........................ وراقي ذرا طود الكمال وعزة
4) وغوث بلاد المسلمين وغيثها.............................. وناصر دين الله حامي الحقيقة
5) هو الملك المشغوف بالفتح والوغى.................... وساقى جيوش الكفر كأس المنية
6) وسلم مواليه وحرب عدوه.................................. (سليمٌ) سليمُ الصدر صافى السجية
7) أُحَصِّنُه بالله من شر حاسد.......................... ومن مُدَلهمات الخطوب المُلِمّة
8) ووالده السلطان ذو المجد(مصطفى)................. مآثرهُ لاحت كشمس الظهيرة
9) (وأحمد) سلطان الممالك جدهُ............................ وهازم جُند الكافرين بسَطوة
10) سقت سُحبُ الرضوان طيبَ ثراهما................ كوطفاء في عهد الربيع استهلت
11) هنيئاً لكم يا آل عثمان، كُلكُمْ........................ ملوكٌ كرامٌ أهل مجدٍ و نجدةٍ
12) ممالك إسلام بكم قد تمهَّدتْ............................ وأنتم ظهير الملة النبويةِ
13) نصرتم على حزب النصارى كأنكم.................... من الله جاءتكم جنودٌ لنُصْرةٍ
14) كسوتم لدى الهيجاء عن سطواتكم.................. بني أصفر أثواب خزي وذِلة
15) وأخرجتموهم عَنوةٍ عن بلادهم........................ أخذتم قراهم قرية بعد قرية
16) فخلّوا لكم أوطانهم وتقلَّصُوا........................ جميعًا إلى أقصى صياصي قصية
17) مصانعهم أسكنتموها جنودكم......................... وما شيدوها من حصون حصينة
18) فمزقتم الكُفار كل ممزَّق.............................. بقتل وأسر والفتوح الكثيرة
19) ولم تتفق تلك الفتوح لغيركم......................... من الناس حتى في العصور القديمة
20) و آثاركم يُروى صحيحُ حديثها........................ وتبقى بقاءَ الناس فوقَ البسيطة
21) مدارس علم عُمِّرت بعطائكم......................... ومن جودكم تجهيز حج وعُمرة
22) سُعدتُم بما ساعدتم الحرمين مُذْ.................... قُرونٍ خوالٍ بالعطايا الغزيرة
23) وفي كلِ عام كم بَعثتُم إليهما.......................... عطايا قناطير النُضار وفضة
24) معايش أهل البلدتين مدارُها......................... على ما سمحتم من مواهبَ جمّة
25) فيافي سُبل الحجّ سَهَّل خَوضَها..................... مساعدةٌ منكم بجيش وعُدَّة
26) فلولاكُم مازار طيبةَ زائرٌ............................ ولا سار نوق بالحجيج لمكة
27) وكم من أجور في صحائِفِكم جَرت................ مناقبكم شَتى عن الحصر جَلَّت
28) جزاكم إلهُ العرش خَيْرَ جزائه........................ وأسكنكم فضلا بَحابِحَ جَنة
29) وخَوَّلكم ما لم ينلهُ سواكُم............................. وحوَّل عنكم شرَّ كل رزيَّة
30) وأوزعكم خيرًا وأفزع ضِدكم........................ ومَتَّعكُم دهرًا بِمُلك ودولة
31) فيا أيها السلطانُ خاقانُ عصره...................... ومن حَفَّه البارى بأسبغ نعمة
32) وقامعَ أهلِ الشّرك مُصطلم العدى.................. وجامع شمل الناس بعد تشتت
33) وَمَنْ كفه بحرٌ ودَيدنه العطا.......................... ومَن دينُهُ بَعْثُ البُعُوثِ لَغزوة
34) حباك بما يرضاه ربك من مُنى...................... وحيّاك في الدارين خير تحية

---

1 هەوڵماندا بۆ دەستکەوتنی وێنەیەك لەدەقی نامەکە کە شێخ مارف بەدەستی خۆی نوسیوەیەتی، بەڵام بەداخەوە هیچمان دەستنەکەوت.

35) وخصك بالفتح المبين ونصره........................ وإنزالُ جند منه في كل وقعة
36) وزادك ألطافا وفتحَ أماكن............................ لغيرك لم تُفْتَح ولا لخليفة
37) وعافاك من ريب الزمان وصرفه.................. ومن شرّ شيطانٍ وإنسٍ وجنة
38) وهذا دعائي لستُ منه بارح......................... مدى عُمُري في كل يوم وليلة
39) وكم دعوةٍ ألحفتُ فيها تُقبّلَتْ...................... وما خابَ سؤلي و ابتهالي ورغبتي
40) وبين يدي نجواك قَدَّمْتُ دَعوةً.................. وأثنية تحكي أزاهيرَ رَبوة
41) وقد آن لي أني أبوحُ بحاجتي........................ لعلّك تَقْضيها وتكشفُ كُرْبَتي
42) وفي أربي سرّ يدق عن النُهى........................ هو القصدُ مِن إرسال هَذي القصيدة
43) وذلك أني مِن صعاليكِ آل مَن...................... على فترة جا بالكتاب وسنةِ
44) ومن ظهرت آياته وتواترت........................ وسُنَّتُهُ الغراء خيرُ مَحَجَّة
45) ومن آله فرض على الناس حبهم............... عليه صلاة الله في كل لحظة
46) ولو أنني ألّفْتُ ألفَ مُجلدٍ......................... بنثرٍ و نَظمٍ كالدُراري المُنيرة
47) لما كَمُلَتْ لي نَبْذَةٌ من ثَنائِهِ........................ فما بالُ ما أملي وما بالُ مِدْحتي
48) ومَسقط رأسي أرض كردٍ ورَبْعُها............... وَقد كانَ منها نشأتي ثم نشوتي
49) ولكنني قد عِفتُ فيها إقامةً....................... فأنىَّ عَفَت فيها رسومُ مُسرَّتي
50) ولم يبقَ مِن روحٍ وصَفوٍ وراحةٍ................. بأوطانِ كُردٍ أو سُرورٍ وبَهجة
51) مرابع لا يحلو بها عيشُ قاطِنٍ................... وَلوْ أنَّه يأوى إلى رأسِ قُلَّةِ
52) بلاد بها قرنُ الشياطينِ طالِعٌ.................... وكم فِئيةٌ فيها مُساعُر فِتْنَة
53) وكم بدعٌ فيها فَشَتْ ومَحارمٌ.................... قد انتُهِكَتْ مِن أهلِ بَغيٍ وَشُرطةِ
54) وآمُلُ فَيْضَ مَن جَهامُ سُراتِها.................. كراجي شرابٍ مِن سَرابٍ بِقيعة
55) ففيها لأربابِ البَصائرِ عِبرةٌ...................... وقد حقَّ أن يُبكى عليها بعَبرة
56) فأكنافها ضاقت عليّ برحبها..................... يضيقُ على اللهفانِ وجهُ البَسيطة
57) فما دمتُ فيها لا أزالُ مُكابدًا.................. تفاقُمَ أشجانٍ وكثرةَ حَسْرةِ
58) وأحوالنا أحوى لنا إذ تغيَّرتْ.................. وأفعالُنا أفعى لَنا بالضَّرورة
59) ورُبَّ عَنًا عانيتُهُ ومُلِمَّة............................ وكم غِيَرٍ عانَيْتُ شَيَّبْنَ لَمَتي
60) فآونة أسعى وأركَدُ تارة........................... وطورًا إلى خفضٍ وطورًا لِرِفْعَة
61) تَخَلَّفت عن صَحبي وأمشي وراءهم......... على مَهَل من بعد إدلاجِ رِفقتي
62) وكم قاطعي درب بسُمرٍ وبارقٍ.............. وكم حالَ دوني من مسالكَ وَعرة
63) فصرت وحالي فوق ما قد بَثَثْتُهُ .............. كمن خاض بحرًا راكبا في سفينة
64) فهاج بها أمواجهُ فَتَصدَّعتْ.................. وظَلَّ فريدا فوقَ لوحٍ بلُجَّة
65) وليس بأرض الله مثلُ بلادنا.................... فسادًا وضيما، فهي أفظَعُ بُقعة
66) فياليتها أضحت بلاقع، لم يَبِت................ بها أحدٌ من أهلِ بدوٍ وبَلدة
67) وقد وجبت عينا على علمائها................ وساداتِها أهلِ النُّهى والرعية
68) مُهاجرةٌ عنها، فإن جلاءهم.................... فرارٌ بدين مــن غوائل فتنة
69) وليّ برهة أزمعت غير مُناكثٍ............... رَحيلاً ولو حَبْوًا بأهلي وصِبْيَتي
70) وأمنيتي بل نيتي ظعن إلى.................... مُهاجَرِ إبراهيم قبل مَنِيَّتي
71) فقد وردت فيه أحاديثُ جَمَّةٌ............... وكم بركاتٍ فيه فاضت جديلة
72) ولكنني قد ثَبَّطَتْني عوائق.................... وأعوزني أسبابَ ظَعنٍ ورحلة
73) وكيف على الأسفار يقدر من لــه......... عيالٌ وقد أعياهُ أعباءُ عَيلة
74) ولو تاح لي يومًا ثَواء بايليـــا................ فأقصى مُنى قلبي وغاية بُغيتي
75) ومن لي بأن أحظى ببيت مقدس........... وأنجو من دار الهوان ومحنة
76) يسيرٌ على السلطان إن كان يعتني.......... بشأنيَ إنجاحي وإنجاز مُنيَتي
77) وتجهيزُ تَرحالي وأقطاع عُلْقة.................. لأهلي بشام أو بقدس وبُلْغَة
78) ومن ذا الذي قد جاءهُ وهو آمل........... لديه عطاءً ثم آب بخيبة
79) فبالله يا سلطانَ أهلِ زمانه................... أغثني وأدركني بتفريج غُمتي
80) وخذ بيدي للقدس، لازلت فائزًا............ بإسعاف آمال وأرغد عيشة
81) أُصلّي على خيرِ الأنام وآله......................... وأصحابه في بكرة وعشية

**لیستی سەرچاوەکان:**


1) خاڵ، شێخ محمد: الشیخ معروف النودهي البرزنجي، چاپخانەی التمدن، بەغداد، ل٥٣.
2) دائرة المعارف الاسلامیة،
3) ریج، کولدیوس جیمس: رحلة ریج، ترجمة: اللواء بهاءالدین نوري، الدار العربیة للموسوعات، بیروت، ط١، ٢٠٠٨.
4) الزرکلي: الأعلام، دار العلم للملایین، چاپی١٥، ٢٠٠٢، ٢/ ٢٣٦.
5) زەکی، محەمەد ئەمین: مێژووی سلێمانی و ناوچەکانی.
6) الشافعي، محمد بن ادریس: الأم، دار الفکر، بیروت، چاپی٢، ١٩٨٣.
7) العزاوي، عباس: شهرزور السلیمانیة، مطبعة السالمي، بغداد، ط١، ٢٠٠٠.
8) عواد، کورکیس: معجم المؤلفین العراقیین، مطبعة الإرشاد، بغداد، ١٩٦٩.
9) کحالة، عمر رضا: معجم المؤلفین، مکتبة المثنی ودار إحیاء التراث العربي، بیروت.
10) النودهي، الشیخ محمد معروف: الأعمال الکاملة -الأدبیة الدینیة-، دراسة وتحقیق: السید بابا علی بن عمر القرداغي وآخرون، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٨٤.
11) مودەریس، شێخ عەبدولکەریم: بنەماڵەی زانیارانی کورد، چاپخانەی شەفیق، بەغداد، چاپی١، ١٩٨٤.


**ئەنجامەکان:**

لەکۆتایی ئەم باسەدا دەربارەی نامەکەی شێخ مارفی نۆدێ بۆ سوڵتان سەلیمی جێنشینی عوسمانی کە لەساڵی (١٧٩٠ز) نوسیویەتی و پاش تیشك خستنەسەر ژیان و دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەردەمی شێخ و کاریگەری ئەو دۆخە ئاڵۆز و نا ئارامە لەسەری و تاچەند هۆکار بووە بۆ نووسینی ئەو نامەیە، دەتوانین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت و پوخت بکەینەوە:

1- شێخ مارفی نۆدێ یەکێکە لەزاناو پیاوچاك و خواناسە بەناوبانگەکانی گەلی کورد لەسەدەی هەژدەو نۆزدەی زاینی، کەسایەتیەکی ئایندۆست و نیشتمان پەروەرو بەخزمەتی زانست و گەل و وڵاتی کوردستان بووە.

2- لەو کاتەوەی شێخ مارف (خوا لێی خۆشبێت) چاوی بەدونیا هەڵهێناوە تا دوایین ساتەکانی ژیانی و تەنانەت دوای مردنیشی بارودۆخی سیاسیی وئابووریی و کۆمەڵایەتی و شێوەی حوکمڕانی لەوپەڕی خراپی و ئاڵۆزیدابووە، شەڕی بەردەوام و خراپەکاری و ناعەدالەتی گەندەڵی تەنگی بەخەڵکی هەڵچنیبوو و ژیانی لێکردبوون بە دۆزەخ.

3- شێخ مارف هیچ کات درێغی نەکردووە لە پێشکەشکردنی ئامۆژگاری و فەرمانکردن بەچاکە و نەهی کردن لەخراپە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری تا دەگاتە میرو پادشاو بەرس و حوکمڕانانی کوردو جێنشینەکانی خەلافەتی عوسمانی.

4- یەکێك لەهەوڵەکانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕو وێرانکاری و گەندەڵی و نادادی بریتیبووە لەو نامەو نوسراوانەی ئاراستەی کاربەدەست و فەرمانڕەوایانی سەردەمی خۆی کردووە.

5- ئەو نامەیەی بۆ سوڵتان سەلیم نوسیویەتی لەساڵی (١٨٩٠ز) جگە لەوەی کۆمەڵێك خواست و داواکاری لەخۆگرتووە، لەهەمان کاتدا بەشاکارێکی ئەدەبی مەزن دادەنرێت لەڕووی بەلاغەو جوانی هۆنراوەو وەسف و تەشبیهاتەکانی ناوی، لەلایەکی دیکەشەوە بووەبە تۆمارێکی مێژوویی گرنگ لەتۆمارە هەرە باوەڕپێکراوەکان دەربارەی مێژووی کوردو کوردستان لەسەردەم و قۆناغێکی دیاریکراودا، بەتایبەت لەڕووی ئاماژە گرنگەکانی بە شەڕو ئاڵۆزیی بەردەوام و نەهامەتی و مەینەتییە نەبڕاوەکانی گەلی کورد کە لەسەرچاوە مێژووییەکانیش بەئاشکرا پشتڕاست کراوەتەوە.

6- ئەم نامەیەی شێخ نەگەیشتووە بە دەستی سوڵتان سەلیم، لەبەر ئەوەی هیچ وەڵامێکی سوڵتان بۆ نامەکەی شێخ ئاسەواری نییەو لەهیچ سەرچاوەیەکەوە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بۆ نەکراوە.

7- سەرەڕای ئەوەی دۆخی خراپی ئاسایشی سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و بەربڵاویی گەندەڵی و نادادی ئەوسەردەمە ئێش و ئازارێکی زۆری لەسەر دڵی شێخ دروستکردبوو هەمیشە بە سۆی ئەو ئازارانەوە دەتلایەوەو لەڕووی عاتیفی و هەستی ئایندۆستی و گەل و نیشتمان پەروەرییەوە کاریگەری زۆری لەسەر بەجێ هێشتبوو، بەڵام لەڕووی وابەستەیی بەخاك و نەتەوەی کوردو خزمەتی زانست و ئاینەکەی لەو ناوچەیە بەهیچ شێوەیەك کاریگەری لەسەری دروستنەکرد؛ چونکە کۆچی نەکرد بۆ هیچ ناوچەیەکی دیکەو هەمیشە لەخەمی پێگەیاندنی زاناو فێرخوازان و بڵاوکردنەوەی زانست و ڕۆشنبیریدابوو و بەردەوامبوو لەسەر ئەو ڕێگەیە تا کۆچی دوایی کرد.

8- ئەو نامەو نوسراوانەی بۆ فەرمانڕەواو کاربەدەستانی ئەو سەردەمە نوسیونی، دەچنە خانەی بنەمای شەرعیی فەرمان بەچاکەو نەهی لەخراپە (الأمر بالمعروف والنهي عن المنکر)، ئەو لەسنوری تواناو تایبەتمەندی خۆیدا وەك زاناو چاکسازێك لەڕێی پێشکەشکردنی وانەی زانستی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و وتاری ئاینی و ئامۆژگاری خەڵك و بەرزکردنەوەی نامەی داواکاری بۆ کاربەدەستانەوە لەپێناو نەهێشتنی ناکۆکی و دووبەرەکی و ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و گەندەڵی و نادادی کاری کردووە.